گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# هاودۆخی پۆستکۆڵۆنیالیزم لە ڕۆمانی (کۆچ بەرەو باکوور)ی (تەیب ساڵح) و (کۆردەرە)ی (خوسرەوجاف)دا

## توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە

**پ. ی. د. هەڵمەت بایز ڕەسول**
بەشی کوردی، فاکەڵتیی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عیراق
halmat.rasool@soran.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٣/٤/١٤
پەسەندکردن: ٢٠٢٣/٥/٢١
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Post Colonialism, Comparison, Co-Situation, Similarities and Differences, Culture and Identity*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.18

**پوختە**

تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزم وەک لێکەوتەی پۆست مۆدێرن دوای نوێخوازی و پاش بونیادگەری لە رووی تیۆرییەوە ئاسۆیەکی تازەی لە ئەدەبیاتناسیدا هێنایەپێشەوە. یەکێک لەو بابەت و پێشهاتە گرنگانەی بواری توێژینەوەی ئەدەبی پەیوەندییەکانی ئەدەبی بەراورد و پۆستکۆڵۆنیالیزمە. پۆستکۆڵۆنیالیزم وەک تیۆرێکی تازە لە زۆر ڕەهەند و چەمکی جۆراوجۆرەوە، لە رووی ناوەرۆکە بایەخی خۆی هەیە، بەتایبەتی لە ئەدەبیاتی کوردی وەک بارودۆخی کۆڵۆنیالیزم و پاش کۆڵۆنیالیزمی زۆر خەسڵەتی جۆراوجۆری لە خۆ گرتووە، بەجۆرێک ناویشانی "هاودۆخی پۆستکۆڵۆنیالیزم لە ڕۆمانی (کۆچ بەرەو باکوور) و (کۆردەرە)دا توێژینەوەیەکی بەراوردکارییە" لە ڕوانگە و چەمکە تیۆرییەکانی پۆستکۆڵۆنیالیزمە لەسەر تێکستی ئەدەبی کوردی بە ئامانجگیراوە، بواری ئەدەبی بەراوردیش نموونەیەکی شیاوی ئەو تێگەیشتنە دەخاتەڕوو، کە ئەدەبیاتی پۆستکۆڵۆنیالیزم لە زۆر لایەنەوە لەیەک دەچن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

پۆستکۆڵۆنیالیزم وەک تیۆرییەکی فرەڕەهەند ئاسۆیەکی تازەی تیۆری و ڕەخنەیی بۆ قسەکردن لەسەر ئەدەبیات وەک ڕەهەندێکی ئایدیۆلۆژی و گوتاری و هەژموونی خوێندنەوەی تێکستەکانی دوای کردەی داگیرکاری بەتایبەتی بۆ جیهانی سێیەم و نەتەوە ژێردەستەکان و زۆر پرسی کەلتووری و ناسنامەیی دەرەخسێنێت، کە هەردوو ئاقاری سروشتی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و سیاسیی بۆ گۆڕانکاریی ئەدەبی دەخاتەڕوو. بەو تێگەیشتنەوە ناونیشانی (هاودۆخی پۆستکۆڵۆنیالیزم لە بەراوردی ڕۆمانی (کۆردەرە) و (کۆچ بەروە باکوور)دا بە مێتۆدی وەسفی شیکاری هەوڵێکی پراکتیزەکراوی ئەو تیۆرییە، لەژێر ڕۆشنایی یەکێک لە قۆتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردکاری قوتابخانەی سلاڤی، لە دەرەوەی بنەمای کاریگەری و کارتێکردن هاودۆخی هەردوو ژینگەی کوردی و سۆدانی ئەو دۆخە لە ڕووی کەلتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە دەکاتە پێوەری بنەمای لێکچوونی ئەدەبی.

سنوری لێکۆڵینەوە تەنها دوو ڕۆمانی دیاریکراوی سەر بە دوونەتەوەی جیاوازە ڕۆمانی (کۆردەرە)ی خسرەو جاف و ڕۆمانی (کۆچ بەرەو باکوور)ی تەیب ساڵحی سۆدانییە. بەدەر لە بەراوردکردنێکی کەلتوورییانە و بەریەکەوتنی کەلتوورییەوە بەپێی ڕوانگە و چەمک و بنەماکانی پۆستکۆڵۆنیالیزم. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵێکە بۆ پراکتیزەکردنی قوتابخانەی سلاڤی بۆ بابەت و چەمک و لێکەوتەکانی پۆستکۆڵۆنیالیزم، هەروەها هەوڵی بەراوردییانەی ئاستی بنیادی و بەهای ئێستاتیکیی گێڕانەوەی دەقەکانی نەکردۆتە ئامانج.

گرنگی ئەو توێژینەوەیە هەوڵێکی کردەییانەی تێگەیشتنی ئەدەبیاتە وەک پرسێک لە ناو گۆڕانکاریی مێژووییدا بەتایبەتی هەبوونی هاودۆخی ئەو نەتەوانەی کە لەژێر هەژموونی داگیرکاری ماونەتەوە و ئەدەبیاتی هاوشێوە و لێچوونیان هەیە، لێکچوونی هاوبەشیش لەژێر بابەتێک و تیۆرییەک کۆیان دەکاتەوە. ئامانجی توێژینەوە وێڕای پرکتیزەکردنی قوتابخانەیەکی بەراوردی ئەدەبی، هەوڵێکی کردەییانەشە بۆ جێبەجێکردنی بنەما و چەمکەکانی پۆستکۆڵۆنیایالیزم، لەلایەکی تر ئەو توێژینەوە هەوڵدەدات وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە: ئایا پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی لە ناو ئەدەبیاتدا ئەو دۆخە هاوبەشەی وەک گۆڕانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی چۆن ئەدەبیاتێکی هاوشێوە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەرهەم دێنێتەوە؟ ئایا ئەدەبیاتی پۆستکۆڵۆنیالیزم لە ڕۆماندا وەک بەرهەمێکی گێڕانەوەیی چۆن گوتاری کۆڵۆنیالیزم دەناسێنێت؟ پاڵپشت بەتێگەیشتنی تیۆریی پۆستکۆڵۆنیالیزم ئایا ڕۆمانی کوردی هاوڕەوت بووە لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکەی پۆستکۆڵۆنیالیزم؟ تا چەند قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردکاری بۆ ئەدەبیاتی پۆستکۆڵۆنیالیزم هاوکار دەبێت لە دەرخستنی بنەما و خاسییەتەکانی ڕۆمان؟

ناوەرۆکی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی لە چەمک و بنەماکانی پۆستکۆڵۆنیالیزم و پەیوەندی بە ئەدەبی بەراوردکارییەوە خراوەتەڕوو، دواتر بنەمای چەند چەمک و بابەتەکی تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزم ڕاڤەی هەردوو ڕۆمانەکە وەک بەراوردی لێکچوون و جیاوازی کراوە.

## چەمک و زاراوەی پۆستکۆڵۆنیالیزم[1]

زاراوەکە هاوپەیوەندە بە چەمک و زاروەی کۆڵۆنیالیزم و ئیمپریالیزمەوە، زۆر جاریش هەردوو زاراوەکە لە بری یەکتر بەکاردەهێندرێن، کۆڵۆنیالیزم یان داگیرکاری (colonialism) بریتییە لە فراوانکردنی قەڵەمڕەوی سنوری وڵاتێک لە ڕێگای داگیرکردن و چەوسانەوە، زۆر جاریش پەنادەباتە بەر ڕاگواستن و نیشتەجێبەبوونەوە، هەروەها خێروبێری لەلایەن وڵاتی داگیرکار دەقۆزرێتەوە. زیاتر سیتەمێکی دەستێوەردان و سەپاندی سیاسەتی داگیرکارییە زۆرجار بەهۆی مانەوەیەکی زۆری داگیرکاریی کەلتووری، زمانی داگیرکەر بەسەر وڵاتی داگیرکراو زاڵ دەبێت. هەرچی ئیمپریالیزمە (Imperialism) هەڵپەخوازی و دەسەڵاتخوازییە. لە کاری لاتینی (Imperare) هاتووە، بە مانای فراوانکردن دێت. یەکێکە لە خەسڵەتە تاکڕەوییەکان، بەڵام زیاتر لە ناوەرۆکدا ڕەهەندێکی سیاسی و جوگرافی هەیە، ئەگەرچی مێژوویێکی درێژی هەیە، بەڵام زیاتر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دەردەکەوێت، زیاتر کاریگەری و هەژموون و دبلۆماسی و بازرگانی و ئابووری

---

[1] پۆستکۆلۆنیالیزم وەک تیۆر و بواری توێژینەوە لە سێ ڕەهەندەوە مشتومڕی لە بارەوە کراوە، یەکیان وەک تیۆری سەربەخۆ و پەیوەست بە پاش نوێگەرییە. دووەمیان زیاتر پۆستکۆڵۆنیالیزم وەک توێژنەوەی کەلتوورناسی و پاڵپشتە بە توێژینەوەی بوارەکانی کۆمەڵناسی و مرۆڤناسی و توێژنەوەی نەژادناسی و ڕەخنەی ئەدەبی و مێژووی و دەرونزانی.... بڕوانە: (ثابت، 2014، 104). ڕەهەندی سێیەمیان وەک تیۆرییەک مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، بەڵکوو وەک چەند پرەنسیپێکی پێکەوە بەسترەوی دژەبەیەکە. بڕوانە: (یۆنگ، 2019، 19).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وڵاتێکە بەسەر وڵاتێکی دیکەدا، بەکارهێنانی ڕاسەوخۆی هێز نییە، مانایەکی گشتگیر و ناڕاستەوخۆی سیاسی و ئابووری هەیە(حوسێن، 2009، 374-375، 415-416).

پۆستکۆڵۆنیالیزم زیاتر پەیوەندی بە کۆڵۆنالیزمەوە هەیە، بۆیە کە دەڵێین پۆست (post) بە واتای دوای، یان پاش دێت، لە ڕووکەشی زاراوەکەدا ڕەهەندێکی دەمی (زەمەن)ی وەردەگرێت، بە واتای پاش دێت، بەڵام ئەوەی گرفتی زاراوەکە دێنێتە کایەوە، مانا بەخشی کاتە وەک دوای کۆڵۆنیالیزم، بۆیە لە ناو تیۆریستان لە دیوە ڕێنووسییەکەیەوە هەندێکجار ویستویانە ڕەهەندە چەمکییەکەی پۆست بە دانانی تەقەڵ (-) جیابکەنەوە و مانی جیاوازی پێ ببەخشن. ((وشەی "پاش" دەگەڕێتەوە بۆ دوای ئەوەی کۆڵۆنیالیزم دەستی پێکرد، زیاتر لەوەی بگەڕێتەوە بۆ دوای ئەوەی کۆڵۆنیالیزم کۆتایی هاتبێت، چونکە ململانێی کلتووری نێوان ئیمپریالیزم و کۆمەڵگە دەسەڵات بەسەرداکراوەکان تاکوو ئێستا بەردەوامە))( ئاشکرۆفت و ئەلوەلیان، 2019، 50). ئەگەرچی نەتوانراوە چوارچێوەیەکی ئەرکی و واتایی بۆ پۆست دیاری بکرێت، بەڵام ئەوەی هەیە زۆربەی تیۆریست و ڕەخنەگرانی بواری پۆستکۆڵۆنیالیزم، بە واتای کۆتاییهاتنی داگیرکاریی نایەت(نادر، 2022، 21). بەلامانەوە وا باشترە پۆست کۆڵۆنیالیزم بەسەر یەکەوە بەشێوەیەکی یەک یەکەی پێکهاتەیی وشەی لێکدراو بنووسرێت پۆستکۆڵۆنیالیزم، چونکە لەو بارەدا واتای پاش بەمانای هاوڵکارە کاتییەکە نامێنێت و دەبێتە زاراوەیەکی سەربەخۆ گوزارشت لە دۆخ و ئایدۆلۆژیا یان بابەتێکی سەربەخۆ و قۆناغێکی جیادەکات و وەک زاراوەیەکی فەرهەنگیش زیاتر خۆی دەردەخات.

توێژنەوەی دوای داگیرکاری یەکێکە لە گرنگترین تیۆریی و ڕەخنەییەکانی پاش نوێگەری کە سروشتێکی سیاسی و کەلتووری و ڕۆشنبیری هەیە و پەیوەستە بە گوتارەکانیانەوە. پۆستکۆڵۆنیالیزم لە زۆر بواری شرۆڤەکردنی زانستە مرۆییەکاندا دەردەکەوێت. ڕووبەرێکی گرنگی ئەو دەرکەوتنە لە کەلتوور بەگشتی و بواری شرۆڤەکردنی ئەدەب دایە. ئەو ئاکامانەی مۆدێرنیزمی بەدوای خۆیدا هێنان، بەتایبەتی دوای ڕووداو و بەرئەنجامەکانی جەنگی جیهانی، خوێندنەوەیەکی دیکەی ڕەخنەیی و پێداچووونەوەیەکی دیکە بۆ ئەو تێگەیشتنە ئەقڵی و زانستی و ئەزموونگەرایی و ڕەهاگەرایی و ڕەنگرێژگەرایی و کردەی داگیرکاری هاتنەپێشەوە، زیاتر خۆی لە تیۆری پۆستمۆدێرنیزمدا دەبینیتەوە، بۆیە بواری توێژینەوەی دۆخی دوای مۆدێڕنیتە و دۆخی کۆڵۆنیالیزیم

و جیهانی سێیەم، بەتایبەتی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە دوای دروستبوونی کۆمەڵێک وڵاتی تازە لە خۆرهەڵات و دەرکەوتنی شێوەکانی دیکەی داگیرکاری و مانەوەی هەژموونی داگیرکاری، وایان کرد لە لای هەندێک کەسایەتی بواری ئەکادیمی و بواری توێژینەوەی تیۆری بۆ هەموو پرس و تێگەیشتنی تازەی کەلتووری و دۆخی داگیرکاری قسەی خۆیان هەبێت، وەک گوتارێکی دژە کۆڵۆنیالیزم دەربکەوێت. کەم تا زۆر لە زۆربەی وڵاتانی هاوبارودۆخ بە واتای هاوبارودۆخی کۆڵۆنیالیزم گوتارێکی هاوبەشیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی هەلومەرجی ژینگەیی و جوگرافی و نەژادی جیاوازییان هەیە.

پۆستکۆڵۆنیالیزم هەروەک تیۆرەکانی تری (پاشبونیادگەری، پاشمارکسیزم، پاش تازەگەری، فێمینیزم) ڕۆڵی خۆی لە ژیانی ئەکادیمی ڕۆژئاوادا هەیە بەهەردوو باری بۆ تیۆریزەکردنی مەعریفەی ڕۆژئاوا بەکاری دەبەن، لە لایەکی تر ڕەخنە ئاڕاستەی مەعریفەی ڕۆژئاوا دەکەن. ناوەڕۆکی پۆستکۆڵۆنیالیزم پەیوەندی بە باسەکانی جیندەر، سەربەخۆیی، ناسنامە، کەلتوور، ڕاسییزم و کێشە هەنووکەییەکانەوە هەیە، هەروەها ڕاسییزمی نوێ باسێکی گرنگی تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزمە، زیاتریش وەک کەلتووری مۆدێرنە باس دەکرێت، کەڵکی زۆری لە وتاری زانستی مۆدێرن وەک وتارێکی جیهانی وەرگرتووە، ڕاسییزم بەردەوام خۆی لەگەڵ ڕێڕەوی گۆڕانکارییەکاندا دەگونجێنێت. هەمیشە لە قۆناغەکانی مۆدێرنیزم و کاپیتاڵیزم و کۆڵۆنیالیزم کۆمەڵگای جیهانگەرایی دەژیێتەوە و فۆرمی جیاواز وەردەگرێ(صالح و محمد، 2020، 28) بۆیە بەردەوام سەرەداوەکانی هەر بابەتێک بۆ تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزم دەگەڕێتەوە، ڕەهەندە سیاسییەکە دەترازێنێت و تێکەڵ بە بوارەکانی تر دەبێت. ((تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیزم شۆڕشێکی فکرییە تەنها دژ بە مەینەتییەکانی ئیمپریالیزمی سیاسی نییە، بەڵکوو دژە بە مەینەتییەکانی مرۆڤایەتییە وەکو مەینەتییەکانی ژن و جیاوازی ڕەنگ و هەژاری و دامارییە))(الشهرزوري، 2020، 22).

تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزم دیوێکی دیکەی خۆخەریککردنی ڕەهەندی کەلتوورییە ((خەریکی توێژینەوەیە لە ڕەوت و ئەنجامەکانی ئاڵوگۆڕە کەلتوورییەکان و چۆنییەتی بەرگریکردنی ئاوارەکان لە پێگەی کەلتووری خۆیان))(هانز بێر تنز، 2015، 342). لە بەرامبەر ئەو تێگەیشتنانەی دەرەوەی خۆیان، هەوڵێکی دیکەی گەڕانەوەی ناوەخۆ و خۆخەریکبوونە بەناوەی خۆیان ((تیۆری پۆست

کۆڵۆنیالیزم و ئەوەی لەم بواردا نووسراوە هەوڵێک بووە بۆ دەستوەردان لە دروستکردنی کەلتوور و مەعریفە و بۆ ڕۆشنبیرانێک، کە پەیوەندییان بە کۆمەڵگای پۆست کۆڵۆنیالیزمەکانەوە هەیە ئەم بوارە هەوڵێک بووە بۆ ئەوەی مێژووی تایبەت بەو کۆمەڵگایانە بنووسنەوە، کە کەسانی دیکە نووسیویانە))(کالەر، 2020، 285).

ڕۆژهەڵاتناسی خزمەتی دوو ئامانجی کردووە، یەکیان شەرعیەتی بە ئیمپریالیزم داوە، دووەمیان دانانان بە پێشکەوتنی ئەو و دواکەوتوویی ئەویترە. ئەو تێگەیشتنانە وایان کرد شەپۆلێکی توێژەران و ڕەخنەکارنی ڕۆژئاوایی زۆر پرس بوورژێنن و چوارچێوەیەکی تیۆری مشتومڕورژێنیان بەدی هێنا، بە تایبەتی ئەویتری پەراوێزخستووە و باڵادەستی ڕۆژئاوا دەسەلمێنێ.(بێرتنز، 2015، 231-237، 349)، چونکە ڕۆژهەڵاتناسی زیاتر زمانحاڵی کۆڵۆنیالیزمە، لەگەڵ سەرهەڵدانی مۆدێرنیزم ڕۆژهەڵاتنایی کۆڵۆنیالیزم زۆر تێکەڵ دەبن(عومەر، 2022، 76) کۆمەڵێک تیۆریست و توێژەری بواری داگیرکاری و خوێندنەوەی گوتاری داگیرکاری هاتنەپێش کە لە پشتی بیرۆکەی گەڵاڵەکردنی پۆستکۆڵۆنیالیزمن، دواتر وردە وردە بەپێی چەند بنەمایەک بوارەکانی پۆستکۆڵۆنیالیزم فراوان کرا.

ئیدوارد سەعید وەک یەکێک لە سەرەکیترین ئەو ڕابەرانەی هۆکاری هاتنەدی تیۆری پۆستکۆڵۆنایلیزمە بەتایبەتی لە کتێبی (خۆرهەڵاتناسی) گوتاری داگیرکاری ناساندن، بناغەی پۆستکۆڵۆنیالیزمی داڕشت، بەلای ئیدوارد سەعید خۆرهەڵاتناسی هەڵگری سێ واتای بنەڕەتییە، توێژینەوە زانستییەکانی ناوەندە ئەکادیمی و ئامانجە زانستییەکان دەگرێتەوە، واتای دووەمی خۆرهەڵاتناسی فۆرمێکە لە چالاکی هزری بنیادنراو لەسەر جیاکاری ئەنتۆلۆجی و ئەبستمۆلۆژیای خۆرهەڵات و خۆرئاوا، سێیەم واتا لە خۆرهەڵاتناسی ڕیتمێکی زانستی لەسەر هەژموونی خۆی بەسەر خۆرهەڵات(کۆمەڵێک نووسەر، 2019، 23) کەواتە لە ئاستی زانستیشدا ((ڕۆژهەڵاتناسی وەک دیسپلینێک کە نوێنەرایەتی زانینی بە دامەزراوەکراو دەکا و کە ڕۆژئاوا لەسەر ڕۆژهەڵات هەیەتی))(کۆمەڵێک نووسەر، 2019، 145).

گایاتا چاپراورتی ئیسپیواک وەک تیۆرداڕێژەرانی بواری پۆستکۆڵۆنیالیزم باس لە جیاکاری پلەنزمی (subaltern) و هەوڵی جیاوازی نا هاوشێوەیەییەکان جیاکارییەکانی نێو فێمینزیم خۆی دەکات. بۆ وەسفکردنی چینەکانی کۆڵۆنیالیزم و نیوکۆڵۆنیالیزم یان پۆستکۆڵۆنیالیزم، زاروەکەی لە گرامشی

قەرزکردووە، هەروەها خستنەڕووی ڕەهەندی قوربانی ژن و دۆخی لەبەرچاونەگرتنی ژن و پرۆپاگەندەی ماهییەتخوازەکانی ژنی ڕۆژاوایی شەنوکەو دەکات و هێرش دەکاتەسەر ئەو تێفکرینە(بێر تنز، 2015، 365-366).

## پۆستکۆڵۆنیالیزم و بواری توێژینەوەی ئەدەبی

ئاڕاستەکانی توێژینەوەکانی کۆلۆنیالیزم وای دەبینێت ئەدەب و دەقی داهێنانی ئەدەبی بەگشتی گوتاری باڵادەستی تێدا هەیە، تەنانەت پێش دەرکەوتنی کۆڵۆنیالیزم لە زۆر لایەنی جۆراوجۆری وەک بە کەمترزانیی ئەوەی دیکە و بەربەریەت و بەهای ڕەنگ و زیرەکی...هتد ئامادەن ئانیا لۆمبای لە بارەی شانۆ نامەکە شکسپیر مرۆڤی نا ئەوروپی وەک بەرامبەر سپی پێست ئاماژەیان پێدەکات(انیا لومیا، 2007، 83). ئەدەب بەجۆرێک لەو گوتارە باڵادەستییەی خۆرئاوادا بەپەرچدانەوەی هەیە. نەتەوە داگیرکراوەکان بەدیوە هزری و کەلتوورییەکەیانەوە ڕووبەڕووی گوتاری داگیرکاری دەبنەوە ((ئەگەر پێشتر داگیرکراوەکان لە شوێنی داگیرکراوان قسەیان دەکرد، ئەوا لە ئەدەبیاتی پۆست کۆڵۆنیالیزمدا ژێردەستەکان خۆیان لە جیاتی خۆیان قسەدەکەن))(نادر، 2022، 37) ئەدەبیاتی داگیرکەر لە پرۆسەی داگیرکردندا دەورێکی ئایدۆلۆژی گرنگی گێڕاوە. وڵاتانی هاوبەرژەوەند یان هاودەستە یان دژە ئایدۆلۆژی، لە ساڵانی هەشتاکاندا بووە، ئەمرۆکە لە پانتایی توێژینەوەی ئەدەبیاتی و سیاسی و کەلتووری مەیدانێکی بەربڵاوی داگیرکردووە، بەناوی خوێندنەوەی پۆستکۆڵۆنیالیزم(بێرتنز، ٢٠١٥، ٢٣١-٢٣٧، ٣٤١).

وەک ڕەتدانەوەیەک بەرانبەر هەژموونی داگیرکاری وردە وردە گوتاری پۆستکۆڵۆنیالیزم لە هەناوی کەلتوور و ئەدەبیات فۆڕم دەگرێت. خواستی سەربەخۆی کەلتووری بەتایبەتی هاوڕەوت لەگەڵ بیری دوای نوێگەری ئەدەبیاتی لە شەست و حەفتەکانی سەدەی ڕابردوو لە وڵاتانی داگیرکراودا وەک هۆکاری سەرەکی داهێنانی ئەدەبی برەوی پێ دراوە، زۆر نووسەرانی ئەدەب وەکوو (ویڵسن هەریس و یامبۆ ئولوگۆئیم و چینوا ئاچی ئۆڵسۆ ئینە و دێرک واڵکوت) کاریان بۆ ئەو پرسە کردووە. چینوا ئاچێ بێ لە وتارێکدا بە ناوی ڕەخنەی کۆڵۆنیالیزم کە لە ساڵی ١٩٧٤ بڵاوبووەوە پشتیوانی خواستی پشت بەستن بە کەلتووری خۆماڵی کرد، ئاچی لەو باوەڕدابوو ئەو جیهان شموللییانەی ڕەخنەی ڕۆژئاوا لە بابەتی ئەدەبی چاوەڕێیەتی ئەوەندە جیهانی نییە و پتر ئەوروپییە، بەتایبەتی ئەو جۆرە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕەخنە لیبراڵ هیومانستییە بۆ ئەدەبیاتی ئینگلیزی لەو باوڕەدابوون ئەدەبیاتی ئینگلیزی خاوەن ئیعتبارێکی جیهانی و گشتییە و هاوبەشی نێوان ئەوان، میراتی ئەدەبیاتی ئینگلیزییە، لە بەها هیومانستییەکان جیاوازبوونیان کەلتوورە، نەک پایەی نزمتر. سەرەڕای ئەوەش ئەو ڕەتدانەوەی زمانی ئینگلیزی لای نووسەرانی باشووری ئەفریقا و جیاوازیکردن و بەکارهێنانی هەردوو دەستەواژەی ئەدەبیاتی ئینگلیزی و ئەدەبیاتی زمانی ئینگلیزی، دواتر بەکاربردن و شوێنگرتنەوەی زاراوەی ئەدەبیاتی وڵاتی هاوبەرژەوەند بەکارهات، تا دواتر بەکارهێنانی زاراوەی ئەدەبیاتی پۆستکۆڵۆنیالیزم هاتە ئاراوە. ڕەوتەکە درێژەی بە جیاوزبوون و جیاکارییەکان دا. هەندێک ڕەخنەگران تەنانەت ئەو بەڵگەیان هێنایەوە ئەو جۆرە ئەدەبیەی داگیرکراو و داگیرکەر وەک ئەدەبییێکی ئایدیۆلۆژی سەیر بکرێت و دەتوانرێت بەپێی چەمکە ڕەخنەییەکانی مارکسیستییەوە بخوێندرێتەوە، چونکە ئەدەبیاتی داگیرکەر لە پرۆسەی داگیرکردندا دەورێکی ئایدۆلۆژی گرنگی گێڕاوە(بێرتنز، ٢٠١٥، ٢٣١-٢٣٧، ٣٤١). گرامشی وەک یەکێک لە مارکسیستە کاریگەرەکانی چەمکی ئایدۆلۆژی و هەژموون پێی وایە توێژی خاوەن دەسەڵات ئەم کارە لە ڕێی کەلتوورەوە سەرکەوتوانە جێبەجێ دەکات( بێرتنز، ٢٠١٥، ٢٤٨).

ئیدوارد سەعید پێی وایە پەیوەندی لە نێوان ئیمپریالیزم و ڕۆماندا هەیە، هەوەک چۆن ڕۆمان دروستکراوی چینی بۆرژوازییە و هەروەها پەیوەندیی بە کەلتووری ئیمپریالیزمەوە هەیە و پاڵپشتی یەکتر بوون. بەتایبەتی ڕۆمانی ئینگلیزی توانستی هێزی ئیمپرۆتۆریەتی بەریتانی بەرجەستەکردووە(سعید، 2014، 58-92). لەگەڵیشدا بەتایبەتی ئەو ڕۆمانانەی کە لە کەش و هەوای کەلتووری بەریتانیا نوورسراون، وەکوو دانیال دیڤۆ و ئۆستین و دیکنیز و ثاکری و جۆرج ئیلیەت و وفیڵدینگ و ڕیتشاردسۆن و ستێرن...هتد پەیوەندی بە بزوتنەوەی داگیرکارییەوە هەیە و هەیمەنە و جێەجێکاری بەرنامەی کۆڵۆنیالیزمە و ملکەچی کۆڵۆنیالیزمە(الشهرزري، 2020، 5-6) لەپاڵ ئەو گوتارەدا بەرپەرچدانەوەی گوتاری گێڕانەوەیە لە بەرامبەر گوتاری ئەودا ئامادەیە، وەک لە تێگەیشتنی لیۆتار بۆ گێڕانەوەی گەورە و بچووکدا ئاماژەی بەگێڕانەوەی بچووکی ناو گێڕانەوە گەورەکە کردووە، لە جیهانی سێیەمدا دەستپێکی ڕەتدانەوەی گێڕانەوەی بچووک بوو، بەرهەڵستی گێڕانەوە گەورەکە کرا. ئەو گێڕانەوەی کە زیاتر مۆدێرنیزم ڕابەرایەتی دەکرد. دواتریش ئیدوارد

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەعید ئەو ڕەتدانەوەی تەیب ساڵح لە ڕۆمانی (کۆچ بەروە باکوور)دا لەبەرامبەر ڕۆمانی (دڵی تاریکی) جۆزێف کۆنراد کردی، ئەو ڕۆمانەی هەڵگری گوتاری کۆڵۆنیالیزم و ڕاسییزمە. نموونەی ئەو ئاوەژووبونەوە و ڕەتدانەوەیە لە لای ئیدوارد سەعید وەک توێژینەوەیەکی دوای کۆڵۆنیالیزم ناسرا(حيولة، 2014، 131-132). تەیب ساڵح خۆی یەکێک لەو دانپێدانانەیدا لە ساڵی ١٩٨٠ بە ڕۆمانی دڵی تاریکی ١٨٩٩ جۆجێف کۆنراد کاریگەربووە، سەرەڕایی نزیکبوونەوەی دیوە هونەرییەکەی هەوڵدەدات، بیرۆکە هاودژەکان بخاتەڕوو (العنزي، 2017، 21) وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ گوتاری پلە نزمی و ڕەشپێست سەرچاوە دەگرێت.

ئەگەر گوتاری کۆڵۆنیالیزم خۆی لەو ڕێگەی پەردەپۆشکردن و شاردنەوە ئامانجە ماددی و سیاسییەکانی داگیرکەر بینێتەوە، ئەوا تیۆری پاشکۆلۆنیالیزم کاریگەرییە سیاسی و کەلتوورییەکانی خۆرئاوا بەسەر کۆمەڵگای خۆرهەڵاتی، بەتایبەتی سروشتی ئەو وەڵامە دەخاتە بەر باس کە داگیرکراو بەرهەڵستی دەکات، بەتایبەتی ئەو ململانێ کەلتوورییە، تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، ئەو تیۆرە جەخت لەسەر مەودای ئەو کارلێکە کەلتوورییانە دەکات، وەک ڕووبەڕووبوونەوە لەسەر پیشاندانی شوێن و مێژوو ڕەگەز و ئیتنیکی و تا ئاستی قسەکردن لەسەر گێڕانەوە و زمان و ئەدەب و پەروەردە و زۆر هۆکاری دیکە لەو گوتارەدا دەردەکەون(ئاشکرۆفت و ئەلوەلیان، 2019، 50-51).

## پۆستکۆڵۆنیالیزم و توێژنەوەی ئەدەبی بەراورد

ئەدەبیاتی بەراورد جۆرێکی کاریگەرە لە داگیرکاریی لە ڕێی کەلتوورەوە، بۆیە لەسەرەتاوە قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسی لە بازنەی بەرتەسکەکەی خۆیەوە کاریگەریی ئەدەبیاتی فەرەنسای بەسەر نەتەوەکانی دەوروبەر وەک بواری توێژینەوە پەرەپێدا. دواجار ئەو ڕوانینە درێژەی دەبێت بە جۆرێک هاوکاتی پەلهاوێشتنیان بۆ ڕۆژهەڵاتیش ئەو بین و ڕوانینە بۆ ئەدەبی یەکەم یان پلەی دووەم بۆ ئەدەبی ئەوانی تر تۆختربووەوە، بۆیە بیرۆکەی باڵایی و بەهایی لای فەرەنسییەکان وەک ناسنامەی کەلتووری، دەبێتە ئامانج. ((گەشەی ئەدەبی بەراورد هاوسەردەمی قۆناغی داگیرکاریی ئەوروپی جیهانییە، هاوپەیوەندە و مشتومڕهەڵگر نییە))(سعيد، 2004، 111).

ئەو شەپۆلە باڵاییەی ڕۆژئاوا بە تایبەتی لە ڕێی بیرکردنەوەی ڕاستەوخۆی خۆیان، یان لە ڕێی ئەو هەژمووونەوە خوێنەران و توێژەرانیش کەوتوونەتە بەر ئەو بەریەکەوتنە کەلتوورییەی کە دواجار

ئەوانیش پیادەیان کردووە. وەک خوێندن و ناردنە دەرەوەی قوتابییان و بەشداربوون لە ناو کارگێڕی کۆڵنیالیزم و شێوە ژیانی خەڵک گۆڕاوە، بۆیە ئەدەبیاتیش هەژموونی داگیرکاریی زەق دەکاتەوە، زۆرجار ڕووبەڕووی بۆتەوە کە لەناو ئەدەبیاتی پۆستکۆڵۆنیالیزم خۆی دەبینێتەوە. ((داگیرکاریی فەرهەنگی شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەدەبی بەراوردکاریی بە جۆرێک دەستەی داگیرکاری، بەرهەرمی ئەدەبیاتی خۆیان هێناوە بە شێوەی نەرێنی لەگەڵ وڵاتە ڕەسەنەکانیان بەراورد کردووە))(باسنیت، 1999، 25). بەهۆی پەیوەندی ئەدەبی لەگەڵ ئەدەبیاتی دیکە و هۆکارەکانی دروستبوونی کاریگەریی، پەیوەندی و کاریگەرییەکی دوو لایەنەوە دێتە کایەوە. نەتەوە ژێردەستەکانی ئیمپریالیزم کاریگەریان لە دەوڵەمەندکردنی ئەدەبیاتی ڕۆژاواییدا هەبووە. ئەدەبیاتی جیهانیی سێیەمیش بەشێوەیەک لە شێوەکان بە پێچەوانەی ئەو ئاڕاستە داگیرکارییە دەچێتەوە ناو ئەدەبیاتی جیهانی، نموونەیەکی وەک شکسپیر و دەرکەوتنی لە هیندوستان وەک ئاڕاستەیەکی مرۆڤایەتیش دەردەکەوێت و مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت(حیولة، 2014، 140).

ڕەهەندی کۆڵۆنیالیزم لە قوتابخانەی بەراوردی فەڕەنسی دەردەکەوێت، بەتایبەتی لەڕابەرانی قوتابخانەی فەڕەنسی کلاسیکی وەکوو ( جان ماری کاریە، پاوڵ ڤانتیگم، فڕانسوا گۆیار) وەک چوارچێوەگرتنی تیۆری دەردەکەوێت. ناوەندە ئەکادیمی و توێژەرانی بواری بەراورد لە دەستنیشانکردنی ئەدەبی سالیب و موجەب، هەروەها ئەو مەرج و بنەمایانەی کە بۆ قوتابخانەی فەڕەنسی و لە چوارچێوەدانی ئەدەبی بەراوردکاری دیاریکراون، زیاتر ئەو ڕەهەندە کۆڵۆنیالیزمییە دەردەکەوێت. دواتر لە لایەن خودی فەڕەنسییەکانەوە لەسەردەستی چەند نوێکەرەوەیەکی فەرنسی وەکوو (بشوا، برونیل و ئەتیامبل) هەوڵی وەلانانی ئەو بنەمایانەیان دا، کە پەیوەستن بە هەندێ بیری و هەیمەنەی کۆڵۆنیالزمی هەیە (بکادي، ٢٠١٩، 10-11).

## ئەدەبی پۆستکۆڵۆنیالیزم بەپێی قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردی سلاڤی

ئەو قوتابخانەیە کۆمەڵێک ناوی جۆراوجۆری وەکوو قوتابخانەی سلاڤی و ئەوروپای ڕۆژهەڵات، قوتابخانەی سۆسیالسیتی و ڕیالیزمی ئیشتراکی و سۆڤیەتی و مارکسی، دیالێکتیکی هەندێ جاریش بە خەسڵەتی تیپۆلۆجی ناو دەبرێت(خضري، 2008، 24-25)، لە کۆی ئەو ناونان و خەسڵەتانەی قوتابخانەی سلاڤی لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، پەیوەندییە دەقە لێکچووەکان لە دەرەوەی کاریگەری و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێكی زانستی وەرزی باوەڕپێكراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-كوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

كارتێكردندا دەخاتە ناو بۆتەی توێژینەوەی بەراوردەوە. ئەوەی ئەو ڕەوتە یان قوتابخانە بەراوردییە جیای دەكاتەوە ڕەتدانەوەی لێكچوونە لەسەر بنەمای لێكوەرگرتن. ئەو لێكچوونانەی لە ئاستی بونیادی سەرەوەی كۆمەڵگا هەن، لەگەڵ هەموو ئەو بارودۆخە كۆمەڵایەتی ئابووری و سیاسیانەی لەو وڵاتە هاوشێوەكانی ئەو دۆخانەدا هەن، دەكرێت ئەدەبێكی هاوشێوەش كۆیان بكاتەوە.
ئەگەرچی ئەو قوتابخانەیە زۆرتر لە ڕوانگەی سۆسیالیزم و پرسە چینایەتییەكانەوە لەو دۆخە هاوبەش و هاوشێوەیە دەدوێت كە ئەدەبێكی گشتی هەیە، نەك ئەدەبیاتێكی نەتەوەیی. لەگەڵ ئەوەشدا دیوێكی دیكەی ئەو قوتابخانەیە، هەموو ئەو دۆخ و لێكەوتە سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی لە چەند ناوچەیەكی جوگرافی و كات و سەردەمێكی جیاوازەوە هەن، دۆخی هاوشێوە و كلتوور و ئەدەبیاتێكی هاوشێوەی لێدەكەوێتەوە. واتە بەپێی ئەو قوتابخانە بەراوردە و بەو تێگەیشتنە دەكرێت ئەو دۆخ و بەستێنە مێژوویی ئابوورییەی كە لە لایەن وڵاتە داگیركراوەكانەوە هەیە، كەم تا زۆر دۆخێكی لێكچوو لەسەر ئاست و بنەماكانی پۆستكۆلۆنیالیزمەوە بهێننە كایەوە.
ئێدوارد سەعید لە كتێبی ڕۆژهەڵاتناسیدا دەڵێ ((پێشنیازی ئەوە دەكەم شیكردنەوەو لێكدانەوە نەك هەر بۆ كارە زانستییەكان بكەم، بەڵكو بۆ كارە ئەدەبییەكان، بۆ وتارە سیاسییەكانیش، بۆ وتارەكانی ڕۆژنامە، سەفەرنامەكان، بۆ توێژینەوە ئاینی و فیلۆلۆژییەكانیش دەكەم...پێم وایە تێكستێك سەر بەجیهانە، كاری دۆخێكن، لە ناو هەڵكەوتی جیاوازن، بێگومان بە پێی جۆر و سەردەمی مێژوویی... زۆرجار دەبنە سەرچاوە بۆیەكتری، دواجار ڕۆژهەڵاتناسیش سیستەمێكە لە وەرگرتنی تێكستەكانی تێكست لە كاری دیكە و دانەران))(سەعید، 2018، 67) پانتایی ئەدەبیاتی بەراورد بۆ ئێدوارد سەعید لە گوتاری ڕۆژهەڵاتناسیدا كای یەكی گرنگە. ((ئەوانەی ئارەزووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیان هەیە، بۆ ئەوان ڕۆژهەڵاتناسی نموونەیەكی ئێكجار نایابی پەیوەندی چڕوپڕە كە لە كۆمەڵ و مێژوو و تێكستدا هەیە))(سەعید، 2018، 69).
وەك تیۆرییەك پۆستكۆلۆنیالیزم بەتایبەتی زیاتر ڕەخنە لە سیتەمی مەعریفی و باڵادەستی خۆرئاوا دەگرێت. ئەو هۆشیارییەی كە زیاتر لە خوێندنەوەكەی ڕۆژهەڵاتناسی ئێدوارد سەعیدەوە دەفامرێتەوە، لە ناو هەناوی ئەدەبیاتیشەوە وەك كەرەسە و سەرچاوەی خوێندەوە بۆ دۆخی پۆست كۆلۆڵنیالیزم ئامادەیی هەیە، بۆیە لەهەمان كاتیشدا دەكرێت كەلتووری كوردیش وەك توێژینەوەی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەدەبیات، لەژێر ڕۆشنایی ئەو تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزم و قوتابخانە سلاڤیی ئەدەبی بەراورد بە تێکەڵاوییەکی ئەو دوو ڕەهەندە تیۆری و بواری توێژینەوەی ئەدەبی، ئەو دۆخە هاوبەشە و زەمینەسازیی ئەدەبییە لە ڕۆژهەڵات و بەتایبەتی وڵاتانی جیهانی سێیەمدا هەیە، ئەنجامێکی پێشبنیکراو لەسەر بنەمای هاودۆخی پۆستکۆڵۆنیالیزم گوتارەکەی ڕەنگ بداتەوە.

باڵادەستی و هێژموونی گوتاری کۆلۆنیالیزم و مەعریفەی ڕۆژاوا لە ناو هەناوی کەلتووری کوردی بە شێواز و فۆرمی جوراوجۆر دەردەکەوێت. لەلایەکی دیکەشەوە لێکەتە و ڕەنگرێژبوونی ئەو دۆخەی پۆستکۆڵۆنیالیزم لە کۆمەڵگای کوردیدا بەردەوام ئامادەیی هەیە[2]، ئاراستە و بنەما و چەمکەکانی تایبەت بە پۆستکۆڵۆنیالیزم وەک بەرهەڵستییەک دەردەکەوێت، چونکە ((پۆستکۆڵۆنیالیزم یاخود تریکۆنتینێنتاڵیزم، ناوکێکی گشتییە بۆ ئەو مەعریفە یاخییانەی کە لە ستەملێکراوان و بێبەشکراوانە هاتووە، دەیەوێت ئەو تێرم بەهانایانەی کە ئێمە تێیدا دەژین بگۆڕێت. دەتوانێت لە هەر شوێنێک بتەوێت فێریان ببیت. تاکە مەرج کە هەتبێت بۆ فێربوونی، ئەویە کە دڵنیابی لەوەی لە ژێرەوە سەیری جیهان دەکەیت، نەوەکوو لە سەرەوە))(یۆنگ، 2019، 39).

ئەو یەکسانی دادگەرییەی پۆستکۆۆنیالیزم داوای دەکات هاودژییەکی زۆری هەیە لەگەڵ قوتابخانەی فەڕەنسی کە بانگەشەیەکی کۆلۆنیالیزمانەی ئەدەبیات سەنتەری تێدا هەیە، لەلایەکی دیکەشەوە ڕیالیزمی سۆسیالیستیش بەستنەوەی بە بلۆکی سۆسییالیزمەوە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیایەکی خولاودا، بەرتەسکبوونەوەی ئەدەبییە، بەڵام ئەو مشتومڕەی دوای نوێگەری بەتایبەتی لە تیۆریزەکردنی پۆستکۆڵۆنیالیزمدا تاوتوێکرا، زۆر گۆڕانی بەدوای خۆیدا هێنا، وەک پرسی ڕەسەنایەتی دەق و بەهای ئەدەبیاتی ئەووروپا و بەسەنتەربوونی دەق و ئەدەبیاتی بەراوردیش بووە تەوەرە بۆ گفتوگۆکردن  لە بارەی زمان و نەتەوە و داهێنان و کاریگەری، زۆر بابەتی دیکەی ئەدەبی

---

[2] یەکێک لە بۆچوونەکانی دیکەی ئێستا سەرەڕای ئەوەی تیۆرییەکانی پۆستکۆڵۆنالیزم یارمەتی توێژەرانی کورد دەدات وەک چوارچێوەیەکی تیۆری توێژینەوەکانیان، بەڵام لە جیاتی ئەوە چەندین کێشەی دیکەی مەعریفی و میتۆدی سەرهەڵدەدەن، بۆ نموونە لە دۆخی پۆستکۆڵۆنیالیزم زیاتر وا نیشان دەدرێت کوردستان لە دۆخی کۆڵینالیزم بەدەرە دوای داگیرکاری لە ئارادایە، بۆیە دەکریت بە تیۆری دژە کۆڵۆنیلیزمیش  بخوێندرێنەوە. بڕوانە: (ئەردەڵان، 2719، 34-37).

بەراورد گۆڕانیان بەسەر داهێنرا، بەتایبەتی ئەوانەی تیۆریزەی پۆستکۆڵۆنیالیزمیان کردووە ((زۆربەی ئەوانەی، کە لە بواری تیۆری پۆست کۆڵۆنیالیستیدا کاریان کردووە بەراودکاری ئەدەبی بوون، یا بەجۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندیان بە ئەدەبی بەراوردەوە هەیە لەوانە ئێدوارد سەعید و گایاتری چاکراڤۆرتی سڤیپاک و هۆمی بابا و سۆزان باسنێت، پێکڕا توانیان گۆڕانێکی ڕیشەیی و بنچینەیی لە ئەدەبی بەراورد دروست بکەن لەمەشدا سوودێکی زۆریان لە خەباتی گەلانی ژێردەستەی داگیرکەر و کەسانی وەک فرانز فانۆن ئێمی سیزار و چێ گیڤارا وەرگرت))(کۆمەڵێک نووسەر، 2012، 271) .

قوتابخانەی سلاڤی ئەگەرچی هەندێک تێگەیشتنی هەندێ توژەرانی بواری بەراوردەوە وەکوو باسنێت و پراوەر و گی یین و ئاڵدرێج و ستالکنخێت و فێنز ئاماژە بەو قوتابخانەیە ناکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بواری بەراوردی دوو ئەدەب بە تایبەت ئەو تێگەیشتنەی ڤیکتۆر جێرمۆنسکی لە توێژینەوەکانیدا هێنایە ئاراوە، لێکچوونی ئەدەب لە دەرەوەی کاریگەری لەسەر بنەمای گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، پێویستە جیاوازییان بکرێت. ئەو قوتابخانەیە زیاتر لەسەر فەلسەفەی دیالێکتیکی مێژوویی دامەزراوە باوەڕی بە گۆڕانی ئەدەب هەیە بەهۆی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان(کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٢١، ل١٥٢-١٦٥). ئەو قوتابخانەیە ئاقاربەندێکی نوێی بە دوای خۆیدا هێنا، کە هەموو لێکچوونێک پەیوەست نییە بە کاریگەری و کارتێکردنەوە. بۆیە ئەدەبیاتی پۆستکۆڵۆنیالیزمی بەو تێگەیشتنە دەبەسترێتەوە.

زۆر لە تیۆرستانی و توێژەرانی بواری پۆستکۆڵۆنیالیزم ئەوە دوپاتکراوەتەوە ((ئەو گەلانەی لە وڵاتانی "دنیای سێ" دەژین هەر هەموو لە مێژوی قۆستنەوەی کۆڵۆنیالیدا هاوبەش بن، هەروەک دەشێت لە ڕووی ڕیشەی کەلتووریشەوە هاوبەش بن، هەروەها لەوانەیە لە بەرهەڵستی کردنی میراتی هەیمەنەی ئیمپریالیدا هاوبەش بن، بەڵام مێژوویان و بابەتی بایەخپێدانی ئێستایان ناکرێت وا بەسادەیی تێکەڵ ببن))(ئانیا لوميا، 2018، 33). هاوبەشیبوون پەیوەندی بەو هۆکار و لێکەوتانەنەوە هەیە، کە بابەتیک یان ڕووداوێک سنوری جوگرافی دادەبەزێنێت و لێکچوونێک لە ئاستی هزری و کەلتووری و مێژووییەوە دێتەکایەوە، بۆ ئەوەی پەیوەندی بە ئەدەبەوە هەیە، کاریگەری و کارلێکردنەکە لە دەرەوەی تێکستدا لەگەڵ کۆمەڵگادا لە پەیوەندیدا دەبێت ((ئەو

کاریگەری و کارلێکەی نێوان ئەدەب و کۆمەڵگا بە دوو دیودا خۆی نمایش دەکات، بە دیوێکیان بەرهەمی کۆمەڵی دێنێتەکایەوە، کە گوزارشت لە ئامانج و مەبەستەکانی کۆمەڵگا دەکات، بەدیوەکەی دیکەشییەوە، چونکە ئەدەب هاوسەنگییەک لە نێوان خەیاڵ و واقیع دروست دەکات، بۆیە لەبەرهەمهێنانی دەقدا پرۆسەکە دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندی تاک بە کۆمەڵگاوە))(ڕەحمان، 2020، 31) ئەگەرچی یەکێک لەو ڕەخنانەی کە ئاڕستەی ئەو قوتابخانەیەی سلاڤی و هەروەها تێگەیشتنی ڕەخنەی ئەدەبی مارکستیش کرا، کە داهێنان و ڕەسەنایەتی لە دەرەوەی ڕۆڵی تاک پەرەسەندن و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەبەستێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت ئەو پەیوەستبوونە کۆمەڵایەتییە لە دەرەوەی دەق وەک بەستێنی کۆمەڵایەتی و کەلتووری لێیی دابرێت. بۆیە ئەو دۆخە دەبێتە بونیادێکی دەلالی لەو بەستێنە کۆمەڵایەتییەی کە ئەدەبەکەی تێدا لە دایک دەبێت گۆڵدمان ((لە هەموو کتێبەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی لەسەردەمێکی مێژووی دیاریکراودا دەنووسرێن، هەوڵی پێکهێنانی بونیادێکی خاوەن دەلالەت دەدەن، ئەو دەلالەتەش ئاماژەیە بۆ دیدگای نووسەر و هونەرمەندان و ڕۆشنبیرەکان، یان ئاماژەیە بۆ دیدگای توێژە ئەنتلیجنسییەکەی جیهان))(خلیل، 2017، 103)، کەواتە قوتابخانەی سلاڤی لە دەرەوەی ئەو ئامانجی سۆسیالیزمی و ئەدەبی گشتی، مەودایەکی پێویست بەو دەقانە دەدات، کە بەرئەنجامی کەلتوور و لێکەوتەی دۆخی سیاسی هاوشێوەن، تا کەلتوور و ئەدەبیات گوتاری خۆیان لە بەرامبەر گوتاری ئەوانی دیکەدا بەبزاوتر بکەن.

## بنیادی لێکچوونی ڕۆمان کۆردەرە و ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور

هەردوو کاراکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە لە گەشتێکی خوێندن لە دەرەوەی وڵاتدا، بەناوی (ئەکبەر) لە ڕۆمانی کۆردەرە و (مستەفا سەعید) لە ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکووردا لەگەڵ ڕێڕەوی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەڕۆن، فەزای لێکچوونی بنیادی گێڕانەوە پێکدەهێنن، لە هەمان کاتیشدا تەنها بنیادی گێڕانەوەکە و پەیوەندی ڕووداوەکانی، ئەو دوو ڕۆمانە کۆناکاتەوە، بەڵکوو زیاتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ململانێی پرسی ناسنامە و جیاوازبوونی من و ئەویترە لە دۆخی پۆستکۆلۆنیالیزمدا دەخرێنەڕوو.

لە هەردوو ڕۆمانی بژاردەی توێژنەوەی بەردەستدا، ڕۆمانی (کۆردەرە) ی (خوسرەو جاف) لە ساڵی (١٩٨٩) بڵاوکراوتەوە، هەروەها ڕۆمانی عەرەبی (کۆچ بەرەو باکوور)ی (تەیب ساڵح)ی سۆدانی کە لە ساڵی (١٩٦٦) بڵاوکراوەتەوە. بەپێی بنیاتی دەلالی و ئاستی گێڕانەوەی ڕۆمانەکان و باردۆخە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی پشتی دەقەکە، لێکچوونی هەردوو ڕۆمانەکە وایان کردووە بنیاتی دەلالیی پۆستکۆلۆنیالیزم لە پشتی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکاندا، پاڵپشت بە دۆخ و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا لە هەردوو ژینگەی کوردی و سۆدان هاوبەشیان هەبێت، وەکوو داگیرکردنی هەردوو وڵات لە داگیرکاری بەریتانی و هەژموونی داگیرکاری و ڕەفتارەکانی داگیرکاری پاوانخوازی ئابووری و جوڵانەوەی سیاسی و پرسیی ناسنامە و زۆر بابەتی دیکە کۆیان دەکاتەوە.

ڕووداوی گێڕانەوەکان هەردووکیان پەیوەندییان بە کۆلۆنیالیزمی بەریتانیاوە هەیە، لە ڕووی کاتی ڕووداوەکانی گێڕانەوە پەیوەندییان بەچارەگی دووەمی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە بەدواوە هەیە. زیاتر گێڕانەوەی سەردەمی کۆلۆنیالیزمە و خوودی کات و شوێن و بابەتی ئەو ڕووداوانەش ڕۆمانەکانیان کردووە بە ڕۆمانی پۆستکۆلۆنیالیزم. ئەوەی جیاوازییان دەردەخات، ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور ئاگاییەکی مەعریفی کۆلۆنیالیزم و پۆستکۆلۆنیالیزمەوە نووسراوە. تەیب ساڵح خۆی نووسەرێکی چالاکی بواری نووسینی کەلتووری بووە. لە هەناوی ئەو بەراوردکاری کەلتووری و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی ژینگەی بەریتانی و سۆدانی ژیاوە. پاشخانێکی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و کاری ڕێکخراوەیی و گەشت و گەڕانی هەبووە. مستەفا سەعید لە بنەماڵەیەکی بێکەس و هەژارەوە لەلایەن بەریتانیاوە بۆ خوێندن دەنێردرێتە بەڕیتانیا پاشان وەک بلیمەتێکی بواری سیاسیی و ئەدەبی و ئابووری و هزری دەردەکەوێت، کەسییەتییەکی کاریگەرە لەسەر دەوروبەری خۆی، پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئافرەتانی خۆرئاوا و دەسەڵاتی بەریتانیا و پەیوەندی ڕووحی بەزێدەکەیەوە بۆچوونەکانی زیاتر ڕەهەندە پۆستکۆڵنییەکەی ناو ڕۆمانەکە دەردەخات. لە کۆردەرە ئەکەبەر وەک کارەکتەری سەرەکی لە ناو ژینگەیەکی هەژاری بۆ خوێندن لەسەر ئەرکی خۆی ڕوو لە خۆرئاوا دەکات، کەسییەتییەکی کەمتر کاریگەرە لەڕوو هزرییەوە زیاتر هەستێکی نستالژیایانەی هەیە بۆ وڵات و زێدی خۆی، بەتایبەتی بەهۆی دووڕەگی بوون و غەریبی لە تاراوگە دەمێنێتەوە، بەهۆی

هاوسەرگیرییەوە و پەیوەندییە سۆزدارییەکەی و جیاوازی و دووڕەگیبوون بیری پۆستکۆڵۆنیالیزم ئامادەیی هەیە. بۆیە بەپێی پاشخانی نووسەرەکان ڕادەی هۆشیاری کارەکتەرە سەرەکییەکان جیاوازییان هەیە.

لە هەردوو دەقەکەدا لە ئاستی هونەری و چۆنیەتی گێڕانەوە تاڕادەیەکی زۆر جیاوازییان هەیە، هەروەها ئاستی ڕوانینی جیاوازییان بۆ ڕەتدانەوەی گوتاری کۆلۆنیالیزم هەیە، چونکە بە پێی تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزم کورد وەک ڕەشپێستێک بەریەکەوتنی کەلتووری و مامەڵەی ڕاسییزمییانەی نییە، بۆیە ڕوانگەی ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور و لەگەڵ ڕۆمانی کۆردەرە پەپێی ئەو تیگەیشتنە لە هەندێک بنەما و باردا جیاواز دەردەکەون. یەکێک لە بابەتانە جیاوازی پێست و ڕەگەزە ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکووردا هاتووە ((ئەگەر داوای بەکرێگرتنی ژورێکم لە ماڵی یەکێکیانم کردبا، بێگومان ڕەتدەکەنەوە، یاخوود کچی یەکێکیان بیگوتبا من شوو بەو پیاوە ئەفریقییە دەکەم، هەڵبەت وای هەست دەکرد دنیای لەژێر پێدا داڕماوە)) (صالح، ١٩٨٧، ٩٧) لە پێشەکی کتێبێکی مستەفا سەعید بە ناوی چیرۆکی ژیانم هاتووە ڕەتدانەوەی گوتاری بنەمای ڕۆژهەڵاتناسیی و ڕاسییزم هەیە وەک دەڵێ: (("چیرۆکی ژیانم بە پێنووسی مستەفا سەعید" لە لاپەڕەیەکی دواتر، "پێشکەشە:" بۆ ئەوانەی بە یەک چاو دەبینن و بە یەک زمان دەدوێن و شتەکان ڕەش یا سپی، ڕۆژهەڵاتی یا ڕۆژاوایی دەبینن)) (صالح، ١٩٨٧، ١٥٢) یەکێک لەو کارەکتەرانی لە پەیوەندی سۆزداری دابووە لەگەڵ مستەفا سەعید بە ناوی شیلا گرینۆد، حەقیقەتی تێگەیشتنی ڕۆژئاوا بۆ ڕۆژهەڵات لەسەر بنەمای پێست و ڕەگەز لە ڕێی گێڕانەوەی ئەوەوە دەردەکەوێت ((ئەگەر دایک و باوکم بزانن حەزم لە لە پیاوێکی ڕەشە، دایکم شێت دەبێ و باوکیشم دەمکوژێ، بەڵام بۆم گرنگ نییە)) (صالح، ١٩٨٧، ١٤٠) ئەم دۆخە لە ڕۆمانی کۆردەرە لەسەر بنەمای ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور هاوبەشە، نەک بنەمای ڕەنگ و پێست. لە ڕۆمانی کۆردەرە گفتوگۆی نێوان کارەکتەری سەرەکی ئەکبەر و دڵخوازە ئیسپانییەکەی فەزاری گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لە بەریەکەوتنی کەلتووری و دووڕەگیبوونە، ڕووداوەکانی کۆتایی ڕۆمانەکە دەبەسترێتەوە بەو ناسنامەیەی کە گێڕەوە یاخوود کارەکتەری سەرەکی لەناو ئەو دەستە و گروپە کۆمەڵایەتییەدا ئینتیمای بۆ دەکات، بۆیە لێکچوونی ئەو ڕۆمانە لە کایەی کۆمەڵایەتی و سیاسییەکەدا لە بارەی ناسنامەبوونە، ڕۆڵی لە دروستبوونی ئەو بنیاتە دەلالییەدا هەیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکووردا زۆرتر ڕوانگەیەکی سۆسیالیستیانەی هەیە و گرێدراوە بە چینی بۆرژوازی نزیک لە کۆڵۆنیالیزم، لەلایەکی دیکە پرسەکە وەک پرسێکی ئەفریقاییە. ((مەحجووب بڕوا ناکات ئەوانەی نۆ ڕۆژ لە هۆڵی سەربەخۆیی لێکۆڵینەوەیان لە چارنووسی خوێندن لە ئەفریقا کردووە، کە هۆڵکە بۆ ئەم مەبەستە کرابوو، تێچووەکەی یەک ملیۆن جونەیهـ بووە، کۆشکێک بوو لە بەردی گرانبەها و چمەنتۆ و کەرپوچ و شوشە شێوەبازنەیی بوونەخشەکەی لە لەندەن دانرابوو)) (صالح، ١٩٨٧، ١٢٠-١٢١) لە کۆردەرە زیاتر وەک ڕەهەندێکی خودیی و ڕەنگدانەوەی بنەمای ڕۆژهەڵاتناسییە. ((من ئەڵێم ئێوەی ڕۆژاوایی زۆر خۆتان بەزل دەزانن و خۆتان بەخاوەنی تەواوی جیهان دادەنێن، وادەزانن ئێمە وەک جانەوەران یەشتا لەنێو ئەشکەتەکاندا دەژین و هەر کەسێک هەر کەسێک کەر و حوشترەکەی لەدەم ئەشکەتەکەی بەستۆتەوە...!!)) (جاف، ١٩٨٩، ٢١٣) بەمەش ڕۆژئاوا وەک داگیرکاری بیرۆکەی وەک سپی پێست، مەسیحی، عەقڵانی، شارستانی، مۆدێرن، دیسپلینکراوی سێکسی وەک پرۆسەیەکی درێژخایەن خرایە شوێنی خۆی (Rattansi,1977, 482) ئەو ململانێ و دوالیزمی ئەو ئەویتر، ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوایە. پرسی سپی پێست و ڕەشپێست، پێگەیشتوو و پێنەگەیشتوو بەردەوام لە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ ناو کایەی هونەر و ئەدەب فۆرمی خۆی دەگۆڕێت و دوپات دەبێتەوە، ((کاتێک دەقەکە دەنووسرێت ئەوا ئەو زمانەی پێی نووسراوە و دابونەریت و گفتوگۆکان کە هەموو تێکەڵ بەدەقەکە دەبن پێکەوە کار بۆ دروستکردنی ڕست (نسیج)ی دەقەکە دەکەن. ئەم هۆکارانە دیاری دەکەن کە دەقەکە چی دەڵێت و چی ناڵێت))( لومیا، 2018، 57) بۆیە دەکرێت لە ئەدەبیاتی کوردی هاوسەردەمی ئەدەبیاتی ئەفریقای باکوور بە فۆرمی جۆراوجۆر ئەو تێگەیشتنە خۆی دووپات دەکاتەوە.

لێکچوونی هەردوو ڕۆمانەکە وەک ((هەموو ئەو لێکچوونە پۆلێنکارییانە، بێگومان، تایبەتمەندییەکی مێژووییان هەبوو و لە جەوهەردا پابەندی هەلومەرجە مێژووییەکانی قۆناغەکە بوون))(دیما، 2011، 146) پرسی ملانێی داگیرکەر و داگیر کراو، ڕۆژهەڵات ڕۆژاوا، ڕۆژاوای سەرکوتکەر و تالانوبرۆ ڕۆژهەڵاتی ژێردەستە و داماوی دەستی هەژاری لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ئامادەن. ((ئەو نانە واله خوانی ئێوەی ڕۆژاواییدایە تک تک خوێنی لێ دەتکێ نانی دەستی مندالانی برسی و هەژاری و وڵاتانی ئێمە و جیهانی سێیەمە...ئێوەی ئیمپریالیست مەگەر تەنها بەخوێنخواریتانا بنازن))

(جاف،١٩٨٩، ٢١٢) لە هەردوو ڕۆمانەکەدا ئەو دوانە لێکدژانەی کەبەرجەستەکراون، سروشتی کۆڵۆنیالیزم و سروشتی وڵاتانی داگیرکراو نیشان دەدەن، کە لەنێوان هەردوو ڕوانینی ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژاوا، ڕۆژاوا بۆ ڕۆژهەڵات خۆیان دەبیننەوە.

ئاساییە لە دەرەوەی کاریگەری لێکچوونێکی بابەت ڕوانگەی هاوبەش بۆ کۆمەڵێک پرسیی هاوبەشی هەبێت، کە هاوپەیوەند بێت بەو پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری، یەکێک لەو بابەتانەی هابەشی هەردوو ڕۆمانەکە گوتارێکی دژە کۆڵۆڵۆنیالیزمی تێیدا بەشدارە، وەک لە ڕۆمانی کۆردەرە هاتووە ((کەلایی هایدەر ئەم لاو ئەولا و دنیایەکی زۆری دیبوو. خۆشی چارەی لە ئینگلیز نەدەهات ... باران بیاە دەیوت خەتای ئینگلیزە ...لافاو بهاتایە خەتای ئینگلیزە ...گرانی هەڵسایە ...چاوە قوڵە و گرانەتا و هەر نەخۆشییەک بڵاوبابەتەوە دەیخست سەر ئینگلیز و دەیوت: ئێوە من ئیتگریزەی برا سەگ ناناسن چ حەرامزادە و دایکخۆگێیەکن و برا دەدەن بەگژ براداو لە دوریشەوە دەست بەسمێڵا دادەهێنن))(جاف، ١٩٨٩، ٥٥) ((ئەم تویێژە چڵکاوخۆرانەی ئیمپریالیست، ئەبێ لم وڵاتەدا ڕیشەکەن کرێن و ببرێن...!)) (جاف، ١٩٨٩، ٢١٣) ((ئەوان لە ئێستادا یان لە داهاتوو زوو یا درەنگ هەر لە وڵاتمان دەردەچن وەک چۆن بەدرێژایی مێژوو میللەتێک لە وڵاتێکی زۆر دەرچوونە دەرەوە و هێڵی شەمەندەفەڕ و کەشتی و نەخۆشخانە و و کارگە و قوتابخانە بۆ ئێمە دەمێننەوە)) (صالح، ١٩٨٧، ٣٥)

ئەوەی بۆتە پاساو بۆ کۆڵۆنیالیزم درێژبوونەوەی دەسەڵات بەسەر ئەوانیتردا بەناوی هاوردەکردن و هاندانی شارستانی یاخوود پێشکەتن، ئەو دۆخە کە لە فۆرمی جۆروجۆردا تا ئێستاش بەردەوامی هەیە، چۆن میدیا و فیلم و ئەکادیمی بەردەوام و سیاسەت دارێژەرانی ڕۆژاوا پشت بە وێنە و چەمک گەلێکی شێوێندراو لەچوارچێوەوەی وێناکردنی ڕۆژاوا دەبینرێن، فرانزفانۆن (١٩٦٧)، دەریدەخات کە چۆن ڕەگەز کاردەکاتە سەر ئەو ڕێگایانەی کە داگیرکراو بە داگیرکار دەبەستێتەوە، کە خەڵکی چۆن دەست دەکەن بەوەرگرتن و پەسەندکردنی بیروڕاکانی ئەویتر لە ڕێی زمان و پەروەردەوە ئەنجامی دەدەن، نموونەی مرۆڤی ڕەشپێست باوەڕبەوە بکات کە پلەدووە. ئەو گوتارە تا ئێستاش فۆرمی جۆراوجۆر و خوێندەواری جۆروجۆری بۆ دەکرێت وەک مەترسی هەبوونی چەکی ئەتۆمی لای توێژەری پۆستکۆڵۆنیالی (شامپا بیسواس) بە پاساوی کەمتر پێگەیشتوو دیسکۆرسێکی بە ڕەگەزکراوە، هەروەها لە تیۆرە رەخنەییەکانی تر هاوبەشی هەیە، وەک وتەکانی فێمینیزمیش بۆ

پۆستکۆڵۆنیالیزم لە چوارچێوەی پەراوێزی ژنانی ڕەشپێست بابەتێکی مشتومڕ هەڵگرە، تەنانەت لە ناو خوودی ڕەوتەکانیش وەک ڕەوتی سێیەم بێڵ هوکس (٢٠٠٠) ڕەخنەی ئاڕاستەی شەپۆلی دووەم کرد، کە نوێنەرایەتی ئافرەتانی ئەفریقی ئەمریکی بۆ کۆتایی سەدەی بیستەم نەکرد لە پەراوێزی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسی مانەوە(کۆمەڵێک نووسەر، 2019، 153-169).

## بەراوردی چەند چەمک و بنەمایەکی پۆستکۆڵۆنیالیزم

ئەدەبیات وەک بەشێک لەسەرخانی کۆمەڵگا و ڕەهەندێکی کەلتووری و بەرگری کەم تا زۆر دەربکەوێت، بەتایبەتی ئەو دۆخەی بە پۆستکۆڵۆنیالیزم ناودەبرێت، دەکەوێتە بەرخوێندنەوەیەکی تیۆری، وەک دەرکەوتنی هاتنەپێشی زاراوەی جیهانی سێیەم و خوێندنەوە و ڕەخنەیی و تێگەیشتنە نوێیەکانی پۆستمۆدێرن و جیهانگەرایی وایان کرد زۆر تێگەیشتن و پرس بکەونەژێر پرسیار وپێداچوونەوەیان پێدا بکرێت، هاوکاتی ئەمەش ئەدەبیات ڕۆڵی و لێتێگەیشتن و ئاوەژووبوونەوەی زۆر بابەت بینی.

هۆکارەکانی پشتی ئەو ململانێ و بەریەکەوتنی کەلتووری بەتایبەتی بۆ ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور پەیوەندی بەچەند خاڵێکەوە هەیە، وەک شارستانیەتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژ ئاوا، جەنگی خاچپەرستەکان و دیاردەی داگیرکاری ئەوروپی، گەشت و گەڕان، جیهانگەرایی، شەڕ و داگیرکارییەکانی ناپلیۆن، ئاڵوگۆڕی کەلتووری پێش سەدەی بیستەم، جەنگی خاچ پەرستەکان(العمراوي، 2016، 16-40) لە ئەدەبیاتی کوردیشدا بەهۆکاری داگیرکاری و دابەشکردنی کوردستان، کاریگەری ناڕاستەوخۆی ئەوروپا لە نووسەرانی تاراوگە، ناردنی قوتابییانی کورد بۆ دەرەوە، جیهانگەرایی، کاریگەری ئەدەبیاتی بەرگری کوردی و دژە کۆڵۆنیالیزمی عەرەبی، گەریدە ڕۆژهەڵاتناسەکان، ئەو بەریەکەوتن و نامۆیی و ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەردەکەوێت. لەلایەک بە ئاقاری دەرکەوتنی گوتاری ڕۆژهەڵاتانسی و وەک بەرهەمهێنانەوەی گوتاری ئەوان لە ناو ئەدەبی کوردی ئامادەیی هەیە، لەلایەکی دیکە بە ئاقاری بنەماکانی دیکەی پۆستکۆڵۆنیالیزم لە ئەدەبی کوردییدا، وەک ڕەتکردنەوەی دیوەکانی دیکەی کۆڵۆنیالیزم ئامادەیە، کەم تا زۆر ئەو تێگەیشتنە وردەوردە دەرکەتووە، بەتایبەتی نووسەرانی تاراوگەنشین و بنەمایانەی پۆستکۆڵۆنیالیزمیشیان مەزراندووە، هەروەها دەکرێ ئەدەبی

بەرگری و ئەدەبیات دژە کۆڵۆنیالیزمی کوردی سی و چلەکانی سەدەی ڕابردوو وەک خوێندنەوەی پۆست کۆلۆنیالیزمیش بخوێندرێنەوە.

## - پرسی ناسنامە و دووڕەگی بوون

ناسنامە کۆمەڵێک سیما و خەسڵەتی جیاوازی تاک و کۆمەڵگاکانە، ناسنامە لەپاڵ زۆر ڕەهەندی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفی پەیوەندییەکی ناوەکی و دەرەکی، ئاگایی و نائاگاییانە لەناو خوێندنەوەی جۆروجۆردا دەردەکەوێت. چین و کەسەکانیان وابەستەی یەکتریان دەکات و بەیەکتریان دەبەستێتەوە، بۆیە ناسنامە لە چوارچێوەی سیاقی کۆمەڵایەتی کەلتوریدا ماناکانی بەرجەستە دەبن.

ناسنامەی تاکەکانی کۆمەڵ دەبنە ناسنامەی کۆمەڵگا، هەروەک ک چۆن ناسنامەی گۆمەڵگاش دواجار ناسنامەی تاکەکانیانە، لە ڕێی ئەو ئینتیمایەی کە تاک بۆ کۆمەڵەکەی خۆی هەیە پەیدا دەبێت، ئەو ئینتیمایەش پەیوەندییەکانی کۆمەڵگا پێکەوە گرێ دەدات و توندوتۆڵیان دەکات، دواجار ناسنامەی کەلتووری و کۆمەڵایەتیش لە چوارچێوە باری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی توێژەکانیینەوە فۆرم دەگرێت. بۆیە ناسنامە پێناوێکی گرنگە بۆیەکخستنی تاکەکانی کۆمەڵگا، کەلتووری نەتەوە وەک یەکەیەکی یەکگرتوو پێکەوەی دەیانهێڵێتەوە، هەروەک چۆن ستیوارت هۆل دووپاتی کردۆتەوە کەلتووری نەتەوایەتی هەوڵی یەکخستنەوەی ئەو ناسنامەیە دەدات، وەک ئەوەی هەموویان یەک ئینتیمایان بۆ خێزانێک هەبێت، یەکیان دەخات. ئەگەرچی هەر نەتەوەیەکی کەلتوری تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام هەریەکەی بەپێی کەلتووری خۆی گوزارشت لە ناسنامەی خۆی دەکات(ایمان، 2018، 41-43). هەروەک لە ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوردا زێد وەک شوێن دەلالەتێکی سیمۆلۆژی هەیە بۆ ناسنامە ((ئەوەتا ئێمە لێرەین، هەروەک چۆن دارخورما بەشکۆیی لە ناو حەوشەکەمانماڵەکەمان شین بووە، نەک لە ماڵی دی))(صالح، ١٩٨٧، ٥٣) داری خورما هێمایەک تایبەتمەندییەکی کەلتوورییە کە هاوکاتی داگیرکردن و شتێکی جیاواز هەیە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی شوناسی ئەویدیکە. لە ڕۆمانی کۆردەرەشدا نیشتمان و زێد شتێک نین لەناو شوناسی ئەویدیکە دا ئامادەیی هەبێت، بەڵکوو خۆی بەشێکە لە بوونایەتی خۆی دۆڵی ڕافیدەین وەک کەرەسەیەکی وەک شوێنێک لەو بوونایەتییەدا باسکراوە ((لەبیرت نەچێ پەرچەمی فەرهەنگ و زانیاری مرۆڤ بۆ یەکەمین جار لە دۆڵی ڕافیدەین

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دا شەکاوەتەوە، بە نمونەش هەر لە وڵاتی تۆدا باوباپیرانی خەڵکی دۆڵی ڕافیدەین و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست زۆرتر لە چوار سەد ساڵێک فەرمانڕەواییان کردووە..))(جاف، ١٩٨٩، ٢١٢).

ناسنامە هەستکردنە بە یەکبوونی و ئازادی ئەو بەدیهاتنەش تەنیا بە ڕێگای ڕووبەڕووبونەوەی ئەوانی دیکە بەدی دێت، چونکە ئەویتر وێنەیەکی نا هاوڕێکی و ناڕاستەقینە نیشان دەدات، ناسنامە واتای نابێت، تا لەگەڵ ئەوانیتر نەچێتە چوارچێوەی مەدلولەوە(العمراوي، 2016، ٨). ئەو گفتوگۆیەی نێوانی ئەلیزابێلا سیمۆر و مستەفا سەعید، ئەو خودپەسەندییە وەک ڕەتدانەوەیەکە لەبەرامبەر تێگەیشتنی ئەویدیکە دایە. ئەلیزابێلا سیمۆر نوێنەرایەتی تێگەیشتنێکی ڕۆژاواییانە دەکات بەرامبەر ڕۆژهەڵات و مرۆڤی ئەفریقی، کاتێک بە مستەفا سەعید دەڵێ: ((لە سیماتدا ئەوە بەدیناکرێت کە تۆ مرۆڤ خۆربی))(صالح، ١٩٨٧، ٤٤)، لە وەڵامی ئەو تێگەیشتنەدا، مستەفا سەعید دەڵێ: ((بەڵێ: ئەوە منم، شێوەم وەک بیابانی (الربع الخالی)، کە کەلەشم ئەفریقاییە و بە قۆناغی منداڵییەکی شەڕانگێزییانەدا دەڕوا)) (صالح، ١٩٨٧، ٤٢). لەو ڕاڤانەی بۆ ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور کراوان سێکس وەک بەرهەڵستییەکی کۆلۆنیالیزمی ڕەش پێست سەیرکراوە(العمراوي، 2016، 98) واتە سەرەڕای ئەوەی ئەلیزابێلا سیمۆر دەلالەتێکی لە دڵنەوایی و جوانییەکانی ڕۆژئاواییە، لەلایەکی دیکەشەوە، ڕقەستوری مستەفا سەعید بەرامبەر ژنانی بەریتانی جۆرێکە لە تۆڵەسەندنەوە لە ڕێگای باڵادەستی وزەی ئیرۆتیکیانە. بە گفتوگۆ و تێگەیشتنی بەرگرییانە لە ڕۆمانی کۆردەرە ئەو گوتارە دژەکۆلۆنیالیزمییە ئامادەیە ((ڕاستە من و تۆ بۆ خوێندن هاتوینەتە ئەم وڵاتە و دەبێت سەر بەرزبگەڕێینەوە وڵات...نەختێک ورد بەرەوە خۆ ئێمە بەرد نیین...دار...نین...ئەبێت ئاورێکیش لە چوارتەنیشتمان بدەینەوە))(جاف، ١٩٨٧، ٢٣٢)

ئەو ململانییەی کە لەسەر بنەمای ناسنامە لە ئارا دایە، لە زۆر ڕەهەندەوە خۆی دەرخات، ئەدەبیات وەک ڕەهەندێکی کەلتووری چ شێوەیەکی ئاگاییانە بێت، یان نا ئاگاییانە هەوڵی مەزراندنی ئەو ناسنامەیە دەدات، کە خۆی بەشێکە لەو پێکهێنەر و ئینتما کەلتوورییانەی بنیادی بیرکردنەوە و کەسایەتی ئەویان نەخشاندووە. پرسیی ناسنامەیە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بنەمایانەی ڕۆمانی پۆستکۆلۆنیالیزم لەخۆی دەگرێت، بەردەوام بەشێوازی جۆراوجۆر خۆی بەرهەم دەهێنێت. لە هەردوو ڕۆمانی کۆچ بەروە باکوور و ڕۆمانی کۆردە پرسی ناسنامە پایەکی گرنگی بنیات و فەزای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆمانەکانە، بەجۆرێک ناسنامە بە کۆمەڵێک سەرەداوی وەسف و کات و شوێن و کارەکتەری ڕۆمانەکەوە بەستراوەتەوە، تا لەو تێگەیشتنە نا ئاگایی و نائاگاییانەی جیهانبینی ڕۆماننووس تێبگەین. لە هەردوو ڕۆمانەکەدا وێڕای ئەوەی ئەوروپا ئاڕاستەی زانین و ڕووگەیەکی زانیاری و دیوێکی هۆشیاری هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا پرسی ناسنامە گرێدراو بە بنەماکانی دیکەی پۆستکۆلۆنیالیزم وەکوو دووڕەگیبوون و نامۆیی و لاسایکردنەوە و پرسی نەژادی و پەراوێز و ئەویتر...هتد.

کاتێک ئەکبەر کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی کۆردەرە و مستەفا سەعید لە ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور بۆ خوێندن ڕوو لە خۆرئاوا دەکەن، لەوێ ڕووبەڕووی چەند پرسێک دەبنەوە، ئەو پرسانەی کە زیاتر پەیوەندییان بە ناسنامە و ڕەگەزی دیکە و ئەویتر و کەلتووری ترەوە هەیە، بۆیە جیهانبینی ڕۆماننووس لە فەزای دوو شوێن وەک دوو کەلتووری جیاواز و پرسی ناسنامە تاوتوێ دەکات ((ئەو دنیایەی دەقی لێوە لە دایک بووە، دنیایەکە دەقەکە لەگەڵیدا پەیوەست بووە و دنیایەکی دژوارە، نەک تەنها بۆ کاری لێکدانەوە، بەڵکوو دیسان لە پای تواناکەی بۆ کاریگەر دانان لەسەر خوێنەرەکانی، سەعید (ئیدوارد سەعید/توێژەر) نیشانی دەدات چۆن دنیاخوازی یان دنیاییبوونی دەق لە دەقەکەدا دەچەسپێندرێت، وەک ئەرکی بوونی و تەواوەتی ئەو دەقە. دەق ئامادەبوونێکی ماددییانەی هەیە، هەروەها بوونێکی مێژووی و کەلتووری کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت ئابووریشی هەیە، هەروەها کۆمەڵێک پێکەوەبەستنی نادیاری بەدەقەکانی ترەوە هەیە))(ئاشکرۆفت و ئەلوەلیان، 2019، 72).

پانتایی ئەو ناسنامەیەی لە ڕۆمانی کۆردەرە مەزرێندراوە، زیاتر خۆی لە فەزای شوێنکاتدا دەبینێتەوە، هەروەک لە ناونیشانەکەدا کە شوێنێک بەناوی کۆردەرە بە واتای کەند و شیو و دۆڵ و خەرەندەوە، ڕەهەندی ناسنامەیی هەیە بەجۆرێک لە دەیان شوێن وەک زەقکردنەوە و دوپاتبوونەوەیەکی هێمابۆکراون، کۆرەدەرە خۆی ئاڕاستە دەکات. ئەمەش گوزارشتە لە زێد لە مەڵبەندی ژیان و پێکهێنەری نا ئاگاییانەی ئەکبەر. دەنگی کۆردەرە وەک بوونی خاک و دەنگی شەلمفرۆش و تۆڵەفرۆشی وەک چینی کۆمەڵایەتی و چینی هەژار پێکهێنەری بنیادی نستالژیایی هەیە، دواجار لە ناو فەزای ناسنامەدا خۆی دووپات دەکاتەوە ((من زادەی تۆڵە فرۆش و هاژەی

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆردەرەم...من خاوەنی ژانی ناسراوی و نەناسراوی و گەورە و سەرەوەم، من هاویاری چوارپایانی سەقەتی دەستی بێگاریم، من پەروەردەی لایەی لایەی داڵکەی بێهاواریم))(جاف، ١٩٨٩،٦٠)، لە ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور دەنگی نیل و دانیشتن و زەوی و ژینگەی لادێ بۆنی داری سەندەل و بیابان وەک شوێن دەبنەر ناوندی دروستبوونی ئولفەت و ناسنامە بە تایبەتی لە ڕێی ئەو ئینتیمای شوێنەوە لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا خراوتەڕوو ((گرنگ ئەوەیە بەشەوقو تاسێکی زۆرەوە گەڕامەوە ناو کەسوکارم لەو گوندە بچووکەی پێچی نیلەوە..لەمێژە ئەو گەرمییەی ناو ژیانی خێڵم هەیە ماوەیەکی درێژە لەدەستم داوە لەو وڵاتەی کە "نەهەنگەکانیشیان لە سەرمان ڕەقدەبنەوە. ئاشنای دەنگیان بوومەوە، لە زۆر بیرکردنەوەیانمدا چاوەکانم هۆگری ڕووخساریان بوون))(صالح، ١٩٨٧، ٥) جگەلەوەش لە پەیوەندی بنەماکانی پۆستکۆلۆنیالیزم ناسنامە دواجار لە ناو دووڕەگیبووندا زیاتر خۆی دەردەخات.

دووڕەگیبووون پەیوەندی بەو دابڕانەوە هەیە، کە لەبەریەکەوتنی هەردوو کەلتووردا ڕوو دەدات، لە کاتی دابڕان و کۆچدا ژیان لە شوێنێکی دیکەدا، شوێنکی پەیوەستی ڕووحی و بەرجەستەی ناسنامەی خۆی نییە، لە لایەکی دیکەش جەستە و حەزەکان و دابەشبوونی کەسایەتی لە جوگرافیایەکی دیکەیە ((دووڕەگی بوون بەرهەمی بەریەککەوتنی دوو کەلتووری داگیرکەر و داگیرکراوە، باڵادەست و ژێردەستە، لەو کاتەی کە ئەم دوو کەلتوورە بەریەک دەکەن فۆرمێکی نوێی کەلتووری دێتە ئاراوە، کە بەتەواوەتی سەر بەهیچیان نییە، چونکە لە کەلتووری داگیرکەر و داگیرکراو فەزای سێیەم دروست دەبێت، کە جۆرێک ئاوێتەیی کەلتووری تێدا ڕوودەدات و تاکی دووڕەگە بەرهەمدێت))(نادر، 2022، 101) ناسنامەی داگیرکراو تووشی دووڕەگی بوون دەبێت، بەهۆی دوو ڕەگی بوونی کەلتوورەوە، لەنێوان لاسایکردنەوە و نەبوون بەویتر، بەئەویتر هەژماربوون بەردەوام لە بەریەکەوتن دایە، هۆمی بابا پێی دەڵێت فەزای سێیەم دێتەکایەوە کە سەر بەهیچیان نییە، خودە داگیرکراوەکان دەچنەژێرباروو قبوڵی ئەو دەخە کەلتوورییە دەکەن و خۆیان لەگەڵی دەگونجێنن، بەڵام ئەو خۆگونجاندنەش دیسان وەلانانی کەلتووری خۆی نییە، بەڵکوو هەمیشە لە بارێکی نستالژیا و گەڕانەوە و گێڕانەوەی یادەوەری دایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەسایەتی مستەفا سەعید ڕاشکاوانە لەناو ئەو گێژاوی لێرەو لەویَ وەک کەرتبونێکی کەسایەتی دەبینرێت، ئەو ژیانەی دواجار لەکاتی گەڕانەوەیدا لەناو سودان دەژیت، هەمیشە ئەو تاس و بینینەی ڕۆژئاوای لە هزریدا تەراتێن دەکەن، واتە ژیانێک دەژیت بە جەستە لە نیشتیمانە و بەرووح و یادەوەری لەوێیە ((من بە ئەقڵی خۆمەوە بڕیار لەسەر شتەکان دەدەم، ئەمەشم لەگەڵ ئاوایییەدا بەختەوەرە تاقیکردەوە. وەلیَ شتەنادیارەکانی ناو خوێن و گیانم بەرەو ناوچەگەلێکی دور دنەم دەدا لەبەر چاومە و ناکریَ لەبیر بکرێن. وای لەو حەسرەتی خۆم ئەگەر یەکێک لە منداڵەکانم یان هەر دووکیان گەورەبن و میکروبی ئەو دەردەیان هەڵگرتبێ، دەردەکۆچ))(صالح، ١٩٨٧، ٧٠-٧١) کە مستەفا سەعید لەو کۆتاییە کراوەی گێڕانەوەدا دیار نییە، ئایە خۆی فەوتاندووە لە ڕووباری نیل، یان دیسان سەریخۆی هەڵکرتووە بۆ ڕۆژئاوا و ژن منداڵەکانی بەجێ هێشتبن.

لە ڕۆمانی کۆردەرشدا ئەکبەر تا مردن بەهۆی ژن ومنداڵەکانیەوە کە خۆرئاواین لە ڕۆژئاوا دەمێنێتەوە لە حەسرەتی گەڕانەوە و تێداماوە، لە یاداشتێکیدا وەسیەتێک بۆ ژن کچەکەی جیَ دەهێڵێت دەفتەری یادەوەرییەکەی بدرێتە کەسێکی هاوخوێن و هاوزمانی، دواجار لە ڕێی دڵخوازکچەکەی ئەلوەندا یاداشتەکەی ئەکبەر دەخوێندرێتەوە ((من بێکەس مردم ... ژانگرتوو پڕ ئێش مردم دوور لە یاران و بێ خوێش مردم ... هەر نەبێت بیرەوەرییەکانم بگاتەوڵات، وەک خاونەکەی بێکەس و هەتیو نەمێنێتەوە...!!)(جاف، ١٩٨٧، ٢٤٦) ئەلوەندا پاساوێکی دورەگی بوونی ئەکبەریشە چونکە ئەلوەندا بەرهەمی دووڕەگەیە ((وردە وردە "ئەلوەندای" دوو ڕەگ ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەچوو دڵمەوە، ئەگەرچی چو کچەکە ڕۆژئاواییەک پەروەردە بوو بو، بەڵام لە هەستان و پەیوەندی کۆمەڵایەتیدا بیرڕایەکی تایبەتی هەبوو))(جاف، ١٩٨٧، ٢٤٠) تەنانەت ناوی ئەلوەنداش وەک دووڕەگی بوونی دەردەکەوێت لەڕووی فۆنەتیکییەوە گۆڕاوە بەسەر فۆنەتیکی زمانی ئەویتردا تواوەتەوە، کە ئەکبەر کچە دوو ڕەگەکەی بەناوی شاری خۆی ناو ناوە ئەلوەند، ((لەبیرم نەبوو ئەوەت پێبلێم تۆ ناوت ئەلوەندا نییە و ناوت "ئەلوەندە")) (جاف، ١٩٨٧، ٢٤٨) کاری بەهێزی کەلتووری دووڕەگ ئەوەیە کە لە ڕووی کەلتووری باڵادەستدا بوەستیت بێ ئەوەی ڕەتی بکەیتەوە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## - نامۆیی پۆستکۆڵۆنیالیزم

نامۆیی وەک دیاردەیەکی دەروونی و کۆمەڵایەتی، بە کۆمەڵێک هۆکاری وەک سیاسیی و جوگرافی و هزری و ئابووری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ڕوودەدات، ئەوەی زیاتر لە پەیوەندی بە پۆستکۆڵۆنیالیزمەوە هەیە، زیاتر بە هۆکاری کۆچی ئارەزوومەندانە و زۆرە ملێ ڕوودەدات و یان بەهۆی ئەو بەرئەنجام و لێکەوتە سیاسی و داگیرکارییانەیە، کە هەستێکی بەراوردکارییانە بۆ کەسی ڕۆژهەڵاتی یان داگیرکراو پەیدا دەبێت، دواجار ئەم نامۆییە سیاسی و کۆچە لێکەتوەیەکی دیکەی نامۆی پەیدا دەبێت، کە نامۆی جوگرافیای و کەلتوورییە ئەو جۆرە نامۆییە ڕەهەندێکی قوڵی هەیە بەهۆی نامۆییەکانی دیکەوە، قوڵتر دەبێتەوە تا ئەو ئاستەی دیوێک لە پۆستکۆڵۆنیالیزمی ئەدەبی دەگرێتەوە و فراوانتری دەکات ((دوای کۆچکردن و گواستنەوەی تاک لە تاراوگە تووشی دنیایەکی هاودژی تەواو دەبێت لە نێوان هەریەکە لە زمان و کەلتوور و ڕۆشنبیریی و پەروەردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و جۆری بیرکردنەوە...تاد (خۆی و) ئەو وڵاتەی کە کۆچی بۆی کردووە، ئەمەش بارودۆخێکی قورس دەبێت بۆ تاک و ڕاهاتنیش لەگەڵ ئەم بارودۆخە زەحمەتە کە لەوانیە تاک توشی نامۆیی بکات))(قادر، 2010، 28).

ڕووبەری نامۆبوون لە هەردوو ڕۆمانەکەدا بەرفراوانە، چونکە هەردوو کارەکتەرەکە لە کۆچدان و ئاستی هۆشیاریان بەرزە و لە قۆناغی داگیرکاریدا ڕوویان لە ئەورووپا کردوو هەردوو کارەکتەرەکە، هۆگرایەتی خاک دار و بەردی زیدەکەیان هەیە، لە ژینگەی هەژاری پەروەردە بوون، لەوێش بەچاوی ڕۆژئاواییانە لێیان دەڕوانن و لە هەمان کاتیشدا لە پەیوەندی سۆزداری دان و پەسەندی ژیانی ئەوێ دەکەن، کەچی ناتوانن بەهۆی نستالژیاوە ئۆخەی دڵی خۆیان بکەن، مستەفا سەعید لە ناو کاریگەری بەشیعر و شانۆ و موزیکی ڕۆژئاوایی دایە، بەڵام ئەبو نەواس وەک بەشێکە لە بوونایەتی خۆی، هەروەک چۆن لای ئەکبەر هاوکاتی هونەری ئیسپانی، نالی و ئاگایی شیعر و هونەر، بەشێکی دانەبڕاوی بوونایەتی ئەوە. بۆیە بەردەوام لە باری دەوونی و نامۆیی دان، بە هەستی ڕۆژهەڵاتییانە دەڕواننە دەوروبەر و دۆخی خۆیان ((وەک دەزانیت دەمێکە مردووم...زرنگەی زونگی لە یادچوونم دەستی پێکردووە و بووم بە بەشێک لە ڕابردوو، لە ڕابردوویەکی مردوو...ئەویش لە نامۆییدا دوور لە یاران و دۆستان و وڵات))(جاف،١٩٨٩، ٢٤٥) ئەو نامۆبوونە حەسرەتی ئەکبەرە لە نامەیەکی دوای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆی بۆ هەر کەسێک دەنووسێت کە کوردبێت و بیخوێنێتەوە، بۆیە لە کۆتا ڕۆمانەکە لەلایەن ئەو کەسەوە دەخوێندرێتەوە کە ئەویش لە تاراوگە دەبێتە دڵخوازی کچی ئەکبەر، وەک لە گێڕانەشەدا ئەو دەلالەتەی هەیە، هەر کەسێکی دیکەش بێتە ئێرە، هەروەک ئەکبەری لێ دێت، بەتایبەتی کاتێک کارەکتەری لاوەکییەکە نامەکە دەخوێنێتەوە دەکەوێتە هەمان هەستی نامۆیی و نستالژی ئەکبەرەوە. ئەوەی لە ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکووردا هەیە، هەمان حەسرەتی گەڕانەوەی بۆ دەرەوە هەیە، ئەگەرچی بە کۆمەڵێک ڕووداوی دادگایی وەک کوشتن و خۆکوشتنی ژنانی بەریتانی مستەفا سەعید تێوەدەگلێت.

## - ژێردەستەیی لە نێوان بوونی داگیرکەر و ئەویتردا

ژێردەستەیی وەک ڕەهەندێکی دژەکۆڵۆنیالیزم وەک ناساندنی ئەوی داگیرکەر، بەردەوام لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا وەک گوتارێک ئامادەیی هەبووە، بەتایبەتی ژێردەست داهات و سامانی تاڵان برۆ دەکرێت، بەنانەزگ و کرێکار کاریان لەگەڵ دەکات. ژێردەست کەسێکی پەراوێز و لەژێر چەمکی ئەویتردا پێناسە دەکرێت، پلەنزمی و بە سووک سەیر دەکرێت. پۆستکۆڵۆنیالیزم پەیوەستە بەو لێکەوتە دیوە نەرێنیانەی کۆڵۆنیالیزم کە خۆی لە زۆر بابەتدا دەبینێتەوە، وەکوو بردنی سەروەت و سامان و دامەزراندنەوەی کۆمپانیا و مانەوەی هەژموونی داگیرکاری و هۆکاری مانەوە بە هەژاری و نۆکەرایەتی و بێگانە و ڕازامەندبوون و باوڕهێنان بە بێگانە...هتد وەک ڕەهەندێکی پۆستکۆڵۆنیالیزم تاوتوێ دەکرێن، لە ڕۆمانی کۆردەرە، ئینگلیز لە دوو تێگەیشتندا خراوتەڕوو، بەدیوێکیان مایەی خێرێرووبێرە، وەک لەو دەقەدا خراوەتەڕوو: ((ئاخر ئەگەر ئینگرێز نەبێ جادەش نابێ!! ئەوەسا خەریکی بەنداوێزێکی گەورە دەکەن، ئەیانەوێت سیروان بەو زۆرییە بەر، بگرن ئا ئەمە ئینگریز نەیکا..کێ دەتوانێ کاری وابکات؟!))(جاف، ١٩٨٩، ١٠٢). دیوێکی دیکەی ئەو تێگەیشتنە ئاڕاستەیەکی پێچەوانەیە کە ئینگلیز سەرچاوەی نەهامەتییەکانە: ((ئینگریز زۆڵە زۆڵە...!!))(جاف، ١٩٨٩، ٧٨). ((-جا ئەڵێی بڵێم خوا لە کێ بەزیادی کا؟ - لەم وەڵاتە ئەرزووبوومە. نەک ئێنگریزی باوەحیز...!! قسەکانی حوسەین موردەمم زۆر لاخۆش بوو. پێی دەگەشامەو...ئای ئینگلیزی نامەردی باوەحیز.. کەواتە هۆی تەواوی برسیەتی و ڕەجاڵی ئێمە خەتای ئینگلیزییە.. چاوی هەمیشە بەگریانی داڵگەم خەتای ئینگلیزە.. باوکم قاچاخچییە وبەندە خەتای ئینگلیزە..!!چ بێرەحمن ئەو چاوشینانانە))(جاف،

١٩٨٩، ١٠٣) خەسڵەتی نۆکەری داگیرکاری بەشێکە لەو ڕەتدانەوانەی ناو ئەدەبیاتی پۆست کۆڵۆنیالیزم کە لە ڕۆمانی کۆردەرەدا بەناوی باوکی عەبە دەرخراوە: ((باوکی عەبە کوولەکەسەر هێندە نۆکەر سیفەتە بۆ ئینگلیزەکان دەستی نابوو بەسنگییەوە و سەری شۆڕ کردبوو))(جاف، ١٩٨٩، ٨٧)

لە ڕۆمانی کۆچ بەرو باکووردا دەسەڵاتدار وا لە ژێردەستەکەی دەڕوانێت و ئەوان ئەویان پێ پەسەندە، زەرورەتی بوونی ئەوان بۆ ژێردەست گرنگە، ئەو جەدەل و مشتومڕە لە ئارادایە ئایە ژێردەست ئەوی قبوڵە یان دەسەڵاتدار وای لەژێردەستکردووە وا بیربکاتەوە؟ یەکێک لەو گفتوگۆیانەی نێوان مەنسور و ریچاردز کە گوزارشتە لە گفتوگۆی نێوان دەسەڵاتدار و ژێردەست ((ئێوە پەتای ئابووری سەرمایەدارییەکەی خۆتان بۆ ئێمە گواستەوە. جگە لە چەند کۆمپانیایەکی کۆڵۆنیالیی، کە خوێنی ئێمەیان مژی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، چیتان پێداین؟. ریچاردیش پێی وت: "هەموو ئەوە دەگەیەنێت، کە ئێوە بێ ئێمە هەڵناکەن. سکاڵاتانە لە دەستی کۆڵۆنیالیزمەوە. هەرکە دەریشچووین، ئەفسانەی کۆڵۆنیالیزمی پەنهانتان داهێنا. وادیارە بەشێوەیەکی بەرچاو و شاراوەش، وەک ئاو و هەوا بۆ ئێوە پێویستین))(صالح، ١٩٨٩، ٦٣-٦٤).بەشێوەیەکی گشتی تائێستاش وەک دۆخی پۆست کۆڵۆنیالیزم ئەو گوتارە دژەبۆژوون و هاوبۆچوونە لە ناو کەلتووری کوردی و عەرەبی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی بەشێوەیەک کە هەندێک پرۆسەی ژێردەستەیی لە ڕێی ئەویترەوە بە زەرورەت دەبینن، لە کاتێکدا بەشێک لەو کەلتووری هونەری و ئەدەبی ئەو مشتومڕە زۆرتر وەک ڕەتدانەوە لێکدەدرێتەوە.

## ئەنجامەکان

- بەهۆی داگیرکاریی بەریتانیا لە کوردستان و سودان کۆمەڵێک چەمک و بنەمای تیۆری پۆستکۆڵۆنیالیزم بە لێکچوون و جیاوازییەوە لە هەردوو ڕۆمانەکە وەک هاودۆخی پۆستکۆڵۆنیالیزم دەردەکەون.
- وێڕای ڕەتدانەوەی گوتاری کۆڵۆنیالیزم لە هەردوو ڕۆمانەکەدا، زیاتر لایەنی کەلتوور و ناسنامە وەک بنەمای تیۆرییەکە لە ڕۆمانی کۆردەرە بە ئامانج گیراوە، ڕوانگەیەکی ڕۆژهەڵاتییانەی بۆ ڕۆژئاوا هەیە، بەڵام لە ڕۆمانی کۆچ بەرەو باکوور وێڕای ناسنامە و بەهای کەلتووری ڕوانگەیەکی ئەفریقی و عەرەبیانەی هەیە و دژە گوتاری ڕاسیزمە.

- ڕۆمانی کۆردەرە کەمتر بە ئاگاییەکی پۆستکۆلۆنیالیزم نووسراوە، لە کۆچ بەرەو باکوور ڕەهەندەی پۆستکۆڵنیالیزم بەرەفراوانترە و قوڵترە و بە ئێستاتیکایەکی کاریگەر مەزرێنراوە، بەمەش ئاستی مەعریفی و ئێستاتیکی هەردوو دەقەکە جیاوازە.
- لە ڕۆمانی کۆردەرە پەیوەندیی ڕووحی و هۆگری تایبەتمەندیی کەلتووری وەک پێداگری لە بەرامبەر ناسنامەی ئەویتردا زیاتر لە کارەکتەری سەرەکیدا هەیە، لە کۆچ بەرەو باکوور زیاتر لە کارەکتەرە لاوەکییەکاندا هەیە.
- دووڕەگیبوون وەک بەریەکەوتنی کەلتووری لە ئاستی زمان و کەلتووردا لە هەر دوو ڕۆمانەکدا ئامادەیی هەیە، لێکەوتەی دەروونی لە بوونایەتی کارەکتەرکاندا بەدیهاتوون.

## سەرچاوەکان

**- کوردی:**

**کتێب**

1. ئانیا لومبا، (٢٠١٨)کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم، و. عومەر عەلی غەفور، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی.
2. بێڵ ئاشکرۆفت و پۆڵ ئەلوەلیان، (٢٠١٩)، بیرمەندانی ڕەخنەگری ڕۆتلیج ئیدوارد سەعید، و. عەتا قەرەداغی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی.
3. حوسێن، هاوکار، (٢٠٠٩)، (ئامادەکردن و وەرگێڕانی)، فەرهەنگی پۆلەتیکس ئینگلیزی – کوردی، بڵاوکراوەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
4. خەلیل، ئیبراهیم مەحموود، (٢٠١٧)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ لە لاسایکردنەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، و. پ. ی. د. محەمەد تاتانی، بڵاوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ.
5. جاف، خوسرەو (١٩٨٩)، دەزگای ڕۆشبیری و لاوان، بەغدا.
**6.** دیما، ئەلکسندەر، (٢٠١١)، پرەنسپەکانی ئەدەبیاتناسی بەراورد، و. ئەنوەر محەمەد قادر، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
7. ڕەحمان، عەبدوڵڵا، (٢٠٢٠)، کۆمەڵگا لە ڕۆمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیەکی کۆمەڵناسیی ئەدەبیی باشووری کوردستان ١٩٦١-١٩٩١، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، هەولێر.

8. سەعید، ئێدوارد، (٢٠١٨)ڕۆژهەڵاتناسی (ڕۆژهەڵاتی داهێنراو لە لایەن ڕژئاواوە) و. د. موحسین ئەحمەد عومەر، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەی ماڵی وەفایی، هەولێر.
9. کالەر، جۆنایان، (٢٠٢٠)، تیۆری ئەدەبی، و. سەنگەر نازم و هیمداد حوسێن، چاپی یەکەم، ناوەندی فێربوون بۆ چاپوبڵاوکردنەوە، هەولێر.
10. کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠١٩)، ئۆریەنتالیزم، و. کۆمەڵێک وەرگێڕ، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی.
11. قادر، سەرکەوەت سەعدی، (٢٠١٠)، نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەڵاح عومەردا، (نامەی ماستەر، کۆلێژی بەروەردە – زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەڵاحەددین).
12. کۆمەڵێک نووسەر، (٢٠١٩)، تیۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، و. شوقی حوسێن، پرۆژەی کتێبی مێخەک، چاپخانە تاران.
13. نادر، کوردستان، (٢٠٢٢)، ڕەنگدانەوەی پۆست کۆڵۆنیالیزم لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیربالدا، (تێزی دکتۆرا، فاکەڵتیی ئاداب- بەشی کوردی- زانکۆی سۆران).
14. هانز بێر تنز، (٢٠١٥)، بنەماکانی تیۆری ئەدەبی، و. عەبدولخالق یەعقووبی، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
15. یۆنگ، ڕۆبێرت جەی. سی، (٢٠١٩)، پۆستکۆڵۆنیالیزم، و. گەلاڵی پرۆژەی چاپی مێخەک، چاپی یەکەم.

## گۆڤار

1. ئەردەڵان، سارۆ، کوردستان و مێتۆدی دژەکۆڵۆنیالیستی چۆن لە زانستی نەتەوەی سەردەست ڕزگارمان بێ؟ گۆڤاری تیشک، ساڵی بیست و یەکەم، ژمارە /54.

## 2- عەرەبی:

**- الکتب**

2. باسنيت، سوزان، (١٩٩٩)، الأدب المقارن؛ مقدمة نقدية، ت. أميرة حسن نويزة، المشروع القومي للترجمة، المجلس الأعلى للثقافة مصر.
3. سعيد، إدوارد، (٢٠٠٤)، الثقافةوإمبريالية، ت.كمال أبوديب، ط/الرابعة، دار الآداب بـيروت.
4. صالح، الطيب، (١٩٨٧)، موسم الهجرة الى الشمال، ط/ الرابعة عشر، دار العودة، بيروت.

5. لومبا، آنيا، نظرية الاستعمار وما بعد ااستعمار الأدبية، ت. حمد عبد الغي غنوم، ط/ الأولى، دار الحوار، سورية، 2007.
6. العنزي، سعاد عبدالله، (٢٠١٧)، تطبيقات نظرية "ما بعد االستعمار" في رواية "موسم الهجرة إلى الشمال"، جامعة الكويت، فيليلۆجى ٦٧، كويت.

## - الدوريات

1. بكادي، محمد، البعد الكولونيالي في المدرسة الفرنسية التقليدية لأدب المقارن، المركز الجامعي الحاج موس ى أخموك –تمنراست) الجزائر): المجل2543-3822 : ISSN.
2. ثابت، طارق (٢٠١٤)، هوية الأدب بين الحضور والغياب في الخطاب النقدي العربي ما بعد الكولونيالي، مجلة الأثار، العدد ٢١.
3. حيولة، سليم (2014)، من الأدب المقارن إى الدراسات ما بعد الكولونيالية، جامعة امدية، مجلة اداب جامعة بليدة، عدد الثامن.
4. خضري، حيدر، (٢٠٠٨)، التجربة السلافية والدرس المقارن للأدب، التجربة السلافية والدرس المقارن للأدب، مجلة لجمعية العلمية الايرانية للغة العربية و آداهبا، فصلية محكمة، العدد ١٠.
5. الشهرزوري، يادكار لەطيف، (2020)، النقد ما بعد االستعماري: مقاربة ثقافية كتاب الثقافة والمربايلية إلادوارد سعيد، الادب العريب، السنة الثامين عشر، العدد الثالث.

**- الرسائل والاطاريح الاكاديمية**

1. إيمان، عبكة، (2017-2018)، نقض الرؤية الكولونيالية والبحث عن الذات في رواية –معارضة الغريب- لكمال داود -مق اربة على ضوء الدراسات مابعد، (الماجستر، جامعة عبد الرحمان ميرة – بجاية -كلية ألادب والعلوم الإنسانية).
2. صالح و محمد، لحنش– بوتعية، (2020)، جربة النقد ما بعد الكولونيالي عند إدريس الخضراوي -من خالل كتابه " الرواية العربية وأسئلة ما بعد الاستعما- "،(ماجستير، جامعة " محمد الصديق بن يحيى، جمهورية الجزائرية الدمقراطية الشعبية).

3. العمراوي، سعاد، (٢٠١٥- ٢٠١٦)، جدلية الشرق و الغرب في رواية موسم الهجرة الى الشمال "للطيب صالح"، (ماستر، جامعة العربي بن مهيدي أم البواقي، كلية آلاداب واللغات قسم اللغة وألادب العربي).

٣- بە ئینگلیزی

1. Rattansi, A. (1997) “Postcolonialism and its Discontents” Economy and Society.

-----------------------------------------------------------------------------------------

# A comparative study of Co-situation of Postcolonialism in the Novels "Migration towards North" by Tayib Salih and "Kordadry" by Khasraw Jaff

**Halmat Baiz Rasool**
Department of Kurdish, College of Arts, Soran University, Soran, Kurdistan Region, Iraq.
halmat.rasoo@soran.edu.iq

***Keywords***: *post colonialism, comparison, co-situation, similarities and differences, culture and identity*

## Abstract

The co-situation of Post colonialism in the Comparison of ‘Kordara’ and ‘Migration to the North’ The theory of post colonialism as a result of postmodern and after post-constructivist approach has theoretically opened up a new gate in literary studies. One of the most important topics and developments in the field of literary studies is the relationship between comparative literature and post colonialism. Post colonialism as a new theory has its own importance in terms of content from many different dimensions and concepts, especially Kurdish literature as a colonial and post-colonial situation contains many different characteristics. The title of this paper “The co-situation of Post colonialism in the Comparison of Kordara and

Migration to the North" is aimed at the theoretical concepts of post colonialism on Kurdish literary texts. The field of comparative literature provides an appropriate example of the understanding that postcolonial literature is similar in many ways.

---

# الاوضاع المشتركه لنظرية ما بعد الاستعمار في روايتي (موسم الهجرة إلى الشمال) للـ (طيب صالح) و(كوردەرە) لـ (خوسرەو جاف). دراسة مقارنة

**ملخص:**

فتحت نظرية ما بعد الاستعمار التي هي من استنتاجات ما بعد الحداثة وما بعد البنائية أفقا جديدا في الدراسات الأدبية. من أهم الموضوعات والتطورات في مجال الدراسات الأدبية العلاقة بين الأدب المقارن وما بعد الاستعمار. إن هذه النظرية الجديدة لها أهمية خاصة لكثير من المصطلحات والمفاهيم الأدبية، وخاصة للأدب الكوردي الذي يحتوي على الخصائص الكثيرة المختلفة من ظروف الاستعمار وما بعد الاستعمار بشكل أن عنوان البحث**(الاوضاع المشتركه لنظرية ما بعد الاستعمار في روايتي (موسم الهجرة إلى الشمال) للـ (طيب صالح) و(كوردەرە) لـ (خوسرەو جاف). دراسة مقارنة)**. بني أساسا على النظر والمفاهيم للنظريات ما بعد الاستعمار، ومجال الأدب المقارن مثالا مناسبا لفهم الأدب ما بعد الاستعمار لأنهما متشابهين في نواح كثيرة.